وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچون

بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

# ڕێنمایي وەرگرتن ، گواستنەوە و دابەزین بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠/٢٠١٩)

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة
مديرية القبول المركزي

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون
بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

No:
Date:

ژمارە: ١٠١٢٢ / ٥
ڕێکەوت: ٩ / ٧ / 2019 ی زاینی
ڕێکەوت: ٢ / ٤ / 2719 ی کوردی

بۆ/ كشت زانكۆكانى هه رێم
ب/ گشتاندن

سلاو و رێز.....

هاوپێچ لەگەڵ نووسراومان مەرج و ڕێنماییەکانی فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن، سەبارەت بە وەرگرتن وگواستنەوە و دابەزینی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020، بۆ ڕەچاوکردنی و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا....

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانینی بەڕێزتان لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ لەگەڵ بەراییەکان.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ ڕەچاو کردنی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

## مەرج و ڕێنماییەکانی

## وەرگرتن و گواستنەوەو دابەزینی قوتابیان/ خویندکاران لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠

### برگەی یەکەم :

### مافی وەرگرتن و پێشکەش کردنی فۆرم:

١- هەر قوتابی/ خوێندکارێک کە فۆرمی وەرگرتن پێشکەش دەکات مەرج نییە وەربگیرێت ، چونکە وەرگرتن بە پێی چەند بنەمایەکی زانستی عەدالەت ئامێزو لە سەر بنچینەی کێبڕکێی کۆنمرە لە نێوان تێکڕای قوتابیان/ خوێندکاران دەبێت.

٢- وەرگرتن لە بەشەکان بە شێوازی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مركزی) وە بە هەژمار کردنی سیستەمی (کریدت) بۆ هەموو کۆلێژ و بەشەکان جێبەجێ دەکرێت ، قوتابی/ خوێندکار مافی وەرگرتنی تەنها لە یەک شوێن هەیە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان بە گشتی.

٣- قوتابی/ خوێندکار مافی نییە لە هەمان کاتدا خوێندکار بێت لە زانکۆ یان پەیمانگەی حکومی و زانکۆیەک و پەیمانگەیەکی تایبەت ( ئەهلی) ، ئەگەر خوێندکارێک لە زانکۆ یان پەیمانگەی حکومی و لە هەمان کاتیش لە زانکۆ پەیمانگەی تایبەت ( ئەهلی) وەرگیرا ئەوا پێویستە لە سەری لە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان بریاری خۆی بدات و لە زانکۆ و پەیمانگەی حکومی یان لە زانکۆ پەیمانگە تایبەتەکە داوای کێشانەوەی دۆسییە و سڕینەوەی ناو بکات ، بە پێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

٤- ئەو قوتابی / خوێندکارەی کە ساڵانی پێشتر فۆرمی پێشکەش کردووە و لە یەکێک لە کۆلێژە و فاکەڵتی یان پەیمانگەکانی هەرێم وەرگیراوە ئەگەر پەیوەندی بە خوێندنەکەی کردبێت یان نەکردبێت مافی نییە جارێکی تر داواکاری وەرگرتن پێشکەش بکات.

٥- ڕێزبەندی و هەڵبژاردەکان (اختیارات) بە پێی ئارەزووی خوێندکار/ قوتابی دەبێت بە پێی بڕیاری خۆی کە پیوەرێکی گرنگ و سەرەکییە لە دیاریکردنی شوێنی وەرگرتنی بە مەرجێک لە **(٥٠)** هەڵبژاردن کەمتر نەبێت ، پێویستە لە سەر قوتابی/ خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو خوێندن و بەشانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی دەگونجێت ، **بۆیە بیانووی بەهەڵە پڕکردنەوەی نامێنێ.**

٦- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار فۆرمی پێشکەش کرد و ناوی لە هیچ کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک دەرنەچوو بە هۆی کەمی و نەگونجانی هەڵبژاردنەکانی ، ئەوا ناوەندی وەرگرتن هەڵدەستێت بە دابەش کردنی ئەو قوتابی/ خوێندکارانە لە سەر ئەو کورسییانەی خوێندن کە لە زانکۆکان بە بەتاڵی دەمێننەوە بە ڕەچاوکردنی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو ، وە ئەو قوتابی/ خوێندکارانە مافی نارەزاییان نابێت.

٧- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە بە هۆی کەمی کۆنمرەکانیان لە هیچ کۆلێژ یان پەیمانگەیەک وەرناگیرێن بۆیان هەیە لە ساڵی ئایندەدا دووبارە بچنەوە کێبڕکێ بە پێی کۆنمرەی ساڵی دووەمی پێشکەش کردن، وە ئەو مافەشیان تەنها بۆ یەک ساڵ پێدەدرێت . واتە دەرچووانی ئامادەیی زانستی و وێژەیی تەنها دوو ساڵ مافی پێشکەش کردنیان هەیە و ساڵی دووەمیش تەنها بۆ ئەو دەرچووانە دەبێت کە پێشتر لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەکی حکومی و تایبەت لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم وەرنەگیرابن.

## برگەی دووەم :

## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن:

ئەو قوتابی/ خوێندکارەی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەردەگیرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت :

١- خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت ، وە بۆ ئەوقوتابیانەی کە عیراقی نین پێویستە کارتی نیشتەجێ بوونی هەرێمیان هەبێت.

٢- دەرچــووی ئامادەییەکــانی ســەر بە وەزارەتــی پەروەردەی هەرێمــی کوردســتان بێــت و بڕوانــامەکەی پەســەند کــرا بێــت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە.

٣- لە پشکنینی پزیشکی دەرچووبێت بە پێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەر خوێندنێک دیاریکراوە.

٤- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خوێندنی بەیانیان جگە لە (کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش) کە نابێت قوتـابی تەمەنـی لە (٢٥) ساڵ زیاتر بێت ، ئەو قوتابی/ خوێندکارەی تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزەی لە **(٨٠%)** بە سـەرەوەیە ڕەچـاوی مەرجـی تەمەنـی بـۆ ناکرێت ، وە ئەم مەرجە ئامادەییە پیشەیەکانیش دەگرێتەوە و جگە لە (کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش).

٥- دەرچووانی خوێـندنی کـوردی لە نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێـم لە لایەن لێژنەیەکـی تـایبەت لە وەزارەت بە هەمـاهەنگی زانکۆکان بە پێی شایستە بوونیان سەیری داواکارییەکانیان دەکرێت.

## برگەی سێیەم:

## وەرگرتنی دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکانی هەرێم:

١- دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی (کـۆمەڵەی پزیشـکی ، ئەندازیاری ، زانست) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان ( فیزیا ، کیمیا ، بیرکاری ، زیندەوەرزانی ، زمانی ئینگلیزی) ئەژمار بکەن ، ئەژمار کردنی نمرەی وانەکانی تر ئارەزوو مەندانە دەبێت بە مەرجێک پێشکەشکار لە سەرجەم وانەکان دەرچووبێت.

٢- هەژمارکردنی ڕێژەیی پۆلی (١٠) و (١١) بە شێوازێکی یەکخراوە لە ئـەرکی وەزارەتـی پەروەردە دایە و هـەر پێداچوونەوەیـەک لە سـەر کۆنمرەی ئامادەیی بەرەو ڕووی وەزارەتی پەروەردە دەکرێتەوە.

* (بە پێی ڕەزامەندی هەر دوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە ، قوتابی/ خوێندکار ئاگادار دەکەینەوە کە هیچ نمرەیەک نابەخشرێت و قوتابی بە کۆنمرەی تەواوی خۆی دەچێتە پێشبڕکێی وەرگرتن و پێشوەختە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بە فەرمی ئامادەییەکان ئاگادار کراونەتەوە ).

٣- لێژنەیەکی تایبەت کە بە سـەرۆکایەتـی یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی کاروبـاری هونـەری لـە بەڕێوەبەرایـەتـی گشـتی پـەروەردەی پارێزگاکان پێک دەهێنرێت ، ئەو لێژنەیە فۆرم و بڕوانامەی دەرچوون ووردبین دەکات بەرپرسیاریەتی ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان دایە.

٤- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە دووبارە تاقیکردنەوەی (باشتر کردنی تێکرا ) واتە (تحسين معدل) دەکات مافی پێشکەش کردنی بۆ هیچ جۆرە سیستەمێکی وەرگرتن (زانکۆ لاین ، پارالێل ، ئێواران) نابێت ، لە ساڵی داهاتوو دوای چاک کردنی تێکڕای نمرەکەی داواکاری وەرگرتن پێشکەش دەکات.

## بڕگەی چوارەم :

## مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن:

| ژ | پێشکەش کردن بۆ | بەمەرجێک |
|---|---|---|
| أ | کۆلێژە پزیشکییەکان (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە (٨٥%) کەمتر نەبێت. |
| ب | کۆلێژی پزیشکی ڤێترنەری | وەرگرتنی دەرچووان لە کۆلێژی ڤێترنەری کە لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک هەیە ڕێژەی وەرگرتن (٧٠%) بۆ پارێزگایە و (٣٠%) بۆ پارێزگاکانی تر دەبێت. |
| ج | کۆلێژی ئەندازیاری نەوت و کیمیاوی (بەشەکانی نەوت ، پترۆل ، کیمیاوی) | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە (٨٠%) کەمتر نەبێت. |
| د | بەشەکانی ئەندازیاری لە زانکۆکان جگە لە بەشەکانی خاڵی (ج) | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە (٨٠%) کەمتر نەبێت و بەشەکانی بیناسازی و تەلارسازی نابێت نەخۆشی ڕەنگبینی (عمى الالوان) ی هەبێت. |
| هـ | بەشەکانی ئەندازیاری لە کۆلێژە تەکنیکییەکان | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە (٨٠%) کەمتر نەبێت. |
| و | کۆلێژەکانی پەرستاری لە هەر زانکۆیەک | پێویستە چاوپێکەوتن لە کۆلێژەکە ئەنجام بدات پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن وکورسییەکانی خوێندن لە کۆلێژەکانی پەرستاری لە هەر زانکۆیەک لە (٢٥%) بۆ ڕەگەزی نێر و لە (٧٥%) بۆ ڕەگەزی مێ دەبێت ، جگە لە بەشی مامانی لە کۆلێژی پەرستاری لە زانکۆی هەولێری پزیشکی تەنها بۆ ڕەگەزی مێینەیە. |
| ز | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان بەشەکانی (کیمیای ژیانی کلینکی ، مایکرۆبایلۆجی پزیشکی، چارەسەری سروشتی)، زانکۆی هەولێری پزیشکی وکۆلێژی زانستی تەندروستی بەشەکانی (زانستی لابوردی پزیشکی ، زانستی سڕکردن) لە زانکۆی دهۆک ، بەشی میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی ،کلینیکەڵ سایکۆلۆجی لە زانکۆی کۆیە. | بۆ زانین دەرچووانی ئەم بەشانە نازناوی پزیشک وەرناگرن و ماوەی خوێندنیان چوار ساڵە. |
| ح | پلان دانان جهی / زانکۆی دهۆک | وەرگرتن بۆ بەشی زانستییە ، وە دەبێت کۆنمرەی قوتابی (٧٤%) کەمتر نەبێت و خوێندن لەم بەشە بەزمانی ئینگلیزیە.<br>بۆ زانین دەرچووانی ئەم بەشە نازناوی ئەندازیاری پلان وەردەگرن خوێندن لەم بەشە (٥) پێنج ساڵە، وە بڕی تێچووی خوێندن $ (٣٠٠٠) سێ هەزار دۆلار بۆ هەر ساڵێکی خوێندن و |

| ژ | پێشکەش کردن بۆ | بەمەرجێک |
|---|---|---|
| | | ساڵی پێنجەم به خۆڕاییه ، قوتابی/ خوێندکار ساڵی یەکەم کۆرسی یەکەم زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت و له کۆرسی دووەم دەست بە خوێندنی زانستی دەکات و تەمەنی پێشکەشکار نابێت له (٣٠) ساڵ زیاتر بێت. |
| ط | بایۆ میدیکاڵ/ کۆلێژی ئەندازیاری / زانکۆی دهۆک | بۆ زانین ئەم بەشە بڕی تێچووی خوێندنی $ (٤٠٠٠) چوار هەزار دۆلار بۆ هەر ساڵێکی خوێندن. |
| ی | بەشی زانستی تاقیگەی پزیشکی له زانکۆی چەرموو و ڕاپەڕین | وەرگرتن لەم بەشە بۆ دەرچووانی لقی زانستییە و خوێندن بە زمانی ئینگلیزیە. |

## برگەی پێنجەم :

## وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیە پیشەییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم:

١- یەکەمی دەرچووانی ئامادەیە پیشەییەکان له سەر ئاستی پارێزگا له کۆلێژی هاوتا به پسپۆرییەکەی له زانکۆکانی هەرێم وەردەگیرێت ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەکەی له **(٨٠%)** کەمتر نەبێت و ئەگەر تێکڕای نمرەکەی له **(٨٠%)** کەمتر بوو دەتوانێت بە پاراڵیل وەربگیرێت.

٢- یەکەم و دووەم و سێیەمی دەرچووانی ئامادەیە پیشەییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا ئەگەر تێکڕای نمرەیان لە **(٨٠%)** کەمتر بوو ئەوا لە کۆلێژە تەکنیکییەکان لە بەشی هاوتا بە پسپۆرییەکەی وەردەگیرێت بە سیستەمی پاراڵیل ، ئەگەر نمرەکانیان له سەرووی **(٧٠%)** بوو دەتوانن له بەشە هاوتاکانیان لە پەیمانگە تەکنیکییەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بە شێوەی گشتی وەربگیرێن.

(یەکەم و دووەم و سێیەمی دەرچووان لە سەر ئاستی هەر دوو خولی یەکەم و دووەم ئەژمار دەکرێت)

٣- دەرچووانی ئامادەیە پیشەییەکان لە هەر دوو خولی یەکەم و دووەم تەنها لە بەشی هاوپسپۆر لە پەیمانگەکان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەکانیان لە **(٧٠%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەکانیان لە **(٧٠%)** کەمتر بوو تاکو **(٦٠%)** بە پێی ڕێنماییەکانی پاراڵیل وەردەگیرێن ، بە مەرجێک ژمارەی وەرگیراوان لە (٢٥%) ی پلانی وەرگرتن زیاتر نەبێت.

٤- دەرچووانی ئامادەیە کشتوکاڵییەکان ئەگەر کۆنمرەیان **(٧٥%)** به سەرەوە بوو ئەوا مافی وەرگرتنیان لە کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆکانی تری هەرێم دەبێت.

(جگە لە قوتابی/ خوێندکاری یەکەم و دووەم و سێیەم کە بە پێی ڕێنماییەکانی ئامادەیە پیشەییەکان وەردەگیرێن).

٥- دەرچووانی ئامادەییەکانی مامانی وەردەگیرێن لە بەشی ئافرەتان و منداڵبوون لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر و سۆران و بەشی ژنان و منداڵبوون لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی وەردەگیرێن لە سەر ئاستی پارێزگا.

٦- سەبارەت بە دەرچووانی ئامادەیە پیشەییەکان تەنها لە ساڵی دەرچوونیان دا مافی پێشکەش کردنیان هەیە واتە دەرچووانی ساڵانی پێشتر مافی پێشکەش کردنیان نییە.

## برگەی شەشەم :

## وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی:

١- یەکەم لە دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی یاسا بەشی یاسا وەردەگیرێت ، بە مەرجێک کۆنمرەی لە **(٨٠%)** کەمتر نەبێت.

٢- یەکەم و دووەم و سێیەم تا پێنجەم لە بەشەکانی (مێژوو ، زمانی عەرەبی) وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە تێکڕای نمرەی وەرگیراو لەو بەشانە کەمتر نەبێت.

٣- رێژەی (٥%) لە پلانی وەرگرتنی پەسند کراو لە بەشەکانی کۆلێژی زمان ، زانستە مرۆڤایەتییەکان، کۆمەڵایەتی (جگە لە بەشی جوگرافیا کە وانەکانی زیاتر زانستییە) تەرخان دەکرێت بۆ ئەم دەرچووانە ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە تێکڕای نمرەی وەرگیراو لەو بەشانە کەمتر نەبێت ، وە ئەگەر رێژەکە پڕ نەکرایەوە ئەوا بە دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی پڕ دەکرێتەوە.

٤- بێجگە لە خاڵەکانی (٣،٢،١) دەرچووانی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨-٢٠١٨-٢٠١٩) دەچنە پێشبڕکێ بۆ وەرگرتنیان لە بەشەکانی کۆلێژ و فاکەڵتی زانستە ئیسلامییەکان بە هەمان میکانیزمی داڕێژراو بۆ بەشەکانی زانستە ئیسلامییەکان (بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەر بنەمای پێشبڕکێی نمرە (مەرجی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە) لە بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە هەر زانکۆیەکی هەرێم وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت).

٥- یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی ئەزهەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) لە بەشەکانی زمانی عەرەبی کۆلێژی زمان یان ئەدەبیات ، زانستە مرۆڤایەتییەکان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٧٥%)** کەمتر نەبێت و تەمەنی قوتابی/ خوێندکاریش لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت ، ئەوانی تر بە پێی سیستەمی پێشبڕکێ لە بەشەکانی زانستە ئیسلامییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ (مەرجی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە) وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت.

٦- لەکاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (٦٠%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی دەبێت و ڕێژەی (٤٠%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی داواکار دەبێت ، بە مەرجێک نمرەی لە لێهاتوویی توانستی لە نیوە زیاتر بێت.

**٧- وەرگرتن لە بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان بە ( سیستەمی پاراڵێل).**

دەرچووانی ئامادەییە ئیسلامییەکان مافی پێشکەش کردنیان هەیە بۆ بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە هەر زانکۆیەکی هەرێم بە پێی ڕێنماییەکانی سیستەمی پاراڵێل ، سەبارەت بە دەرچووانی پەیمانگە دەبێت کۆنمرەی پەیمانگەیان لە **(٦٥%)** کەمتر نەبێت.

## برگەی حەوتەم :

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە:

١- (٢٠%) ی کورسییەکانی سکوڵی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین و بەشی شانۆ و شێوەکاری لە فاکەڵتی زانستی مرۆڤایەتی لە زانکۆی دهۆک تەرخان دەکرێت بۆ دەرچووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ، تەنها دەرچووانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩ ) مافی پێشکەش کردنیان هەیە ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە **(٦٥%)** کەمتر نەبێت ، وە دەرچووانی پەیمانگە ناحکومییەکان بە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێن.

٢- ڕەچاوی پسپۆری دەکرێت لە کاتی وەرگرتندا.

٣- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی مەرجەکانی خاڵی (١) یان هەیە پێویستە بەشدار بن لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و تێیدا سەرکەوتووبن ، تاقیکردنەوەکە لە کۆلێژ و سکوڵە ئاماژە پێکراوەکاندا ئەنجام دەدرێت ، نمرەی کۆتاییش بەم شێوەیە دەبێت (٤٠%) نمرەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و (٦٠%) نمرەی تێکڕای پەیمانگە.

٤- یەکەم و دووەم و سێیەم لە سەر ئاستی پەیمانگەکانی وەرزش لە کۆلێژ (سکوڵ) ی پەروەردەی وەرزشی وەردەگیرێن و دەبێت تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە **(٧٥%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان کەمتر بوو لە **(٧٥%)** ئەوا بە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێن.

٥- (٥%) ی کورسییەکانی وەرگرتنی پاڵەوانان بۆ دەرچووانی پەیمانگە وەرزشییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەبێت ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەی لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت.

٦- دەبێت پێشکەشکار دەرچووی ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) بێت ، بە مەرجێک لە هیچ کۆلێژ و پەیمانگەیەکی حکومی یان تایبەت وەرنەگیرا بێت.

## برگەی حەوتەم/ خاڵی یەکەم:

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی کۆمپیوتەری سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان:

١- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگە حکومیەکانی کۆمپیوتەر لە سەر ئاستی هەرێم لە بەشی سیستەمی زانیاری کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٩٠%)** کەمتر نەبێت ، چونکە بەشی ناوبراو بەشێکی ئەندازیارییە.

٢- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سلێمانی (حکومی) لە کۆلێژی ئینفۆرماتیکی سلێمانی بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٣- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری دهۆک (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری دهۆک بەشی سیستەمی زانیاری وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٤- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری ئاکرێ (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی ئاکرێ بەشی سیستەمی زانیاری وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٥- ئەگەر دەرچووەکان لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) مەرجی نمرەی پێویستی تێدا نەبوو ئەوا دەتوانێت بە سیستەمی پارالێل وەربگیرێت.

٦- سێ کورسی لە پلانی وەرگرتنی پارالێل تەرخان دەکرێت لە بەشەکانی کۆمپیوتەر و سیستەمی زانیاری سەر بە کۆلێژی تەکنیکییەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بۆ دەرچووانی پەیمانگە ئەهلییەکانی کۆمپیوتەری (٥) ساڵەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٠%)** کەمتر نەبێت. ئەگەر ئەم ڕێژەیە پڕ نەبووە ئەوا زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بۆیان هەیە بە دەرچووانی پەیمانگەکانی خۆیان کورسییە بەتاڵەکان پڕ بکەنەوە.

## برگەی حەوتەم/ خاڵی دووەم:

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی کۆمپیوتەری سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە زانکۆکانی تر:

١- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری هەولێر (حکومی) لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زانست بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٢- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری کەلار (حکومی) لە بەشی کۆمپیوتەری زانکۆی گەرمیان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٣- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری ڕانیە (حکومی) لە زانکۆی ڕاپەرین بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٤- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سۆران (حکومی) لە زانکۆی سۆران بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٨٥%)** کەمتر نەبێت.

٥- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە پێی خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) وەردەگیرێن بۆیان نیە دابمەزرێن تاوەکو خوێندن تەواو دەکەن ، بە پێچەوانەوە خوێندنەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

## برگەی هەشتەم : وەرگرتن لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان:

## أ. دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی:

١- داواکار دەبێت دەرچووی دوانزەی ئامادەیی لە ساڵی پێشکەش کردن یان ساڵێک پێشتر بێت بۆ هەر دوو بەشی (زانستی و وێژەیی) ، بە مەرجێک پێشتر لە هیچ زانکۆیەکی حکومی و تایبەت وەرنەگیرابێت.
٢- دەبێت داواکار دەرچووی خوێندنگەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بێت و یان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.
٣- داواکار دەبێت تەمەنی لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٤- داواكار دەبێت تێكڕاى نمرەى ئامادەيى (زانستى و وێژەيى) (٦٠%) كەمتر نەبێت.

٥- لە كاتى پێشبڕكێدا ڕەچاوى نمرە دەكرێت بە ڕێژەى (٦٠%) ى نمرە لە سەر كۆنمرەكەى دەبێت و ڕێژەى (٤٠%) ى نمرە لە سەر لێهاتوويى توانستى داواكار دەبێت ، بە مەرجێک لە لێهاتوويى توانستى لە نيوە زياتر بێت.

٦- نابينا دەتوانێت داواكارى پێشكەش بكات بۆ بەشى ميوزيک بە مەرجێک برگەكانى (١-٥) ى تێدا بێت و بەهرەى هونەرى خۆى بسەلمێنێت.

٧- داوا كار لە مەرجى جەستەيى و شياوى مامۆستايى دەبەخشرێت لە بەشى ميوزيک و شێوەكارى واتە گشت (خاوەن پێداويستييە تايبەتەكان) دەتوانن داواكارى پێشكەش بكەن.

* **پێداويستييەكان بۆ بەشى ميوزيک**

پێويستە داواكار ئامێرى ميوزيک لەگەڵ خۆيدا بهێنێت بۆ ڕۆژى چاو پێكەوتن.

* **پێداويستييەكان بۆ بەشى شێوەكارى**

پێويستە داواكار كەرەستەكانى هێڵكارى لەگەڵ خۆيدا بهێنێت بۆ ڕۆژى چاو پێكەوتن.

## ب/ بەهرەمەندان:

## سەبارەت بە وەرگرتن لە بەشەكانى هونەرە جوانەكان بۆ هەر بەشێک تەنها (٣) سێ بەهرەمەند وەردەگيرێت:

١- بەهرەمەند دەبێت هەڵگرى بڕوانامەى دوانزەى ئامادەيى يان پەيمانگەى هونەرە جوانەكان يا هاوتايان بێت، وە دەرچووانى پەيمانگە ناحكومييەكان بە سيستەمى پاراڵێل وەردەگيرێن.

٢- ڕەچاوى پسپۆرى دەكرێت لە كاتى وەرگرتندا.

٣- دەبێت بەهرەمەند دەرچووى خوێندنگەكانى سنورى هەرێمى كوردستان بێت و يان لە ناوچە كوردستانييەكانى دەرەوەى هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقيكردنەوەكانى بە پێى سيستمى هەرێمى كوردستان ئەنجام دابێت.

٤- دەبێت بەهرەمەند كۆنمرەى لە (٦٠%) كەمتر نەبێت و تەمەنى لە (٣٥) ساڵ زياتر نەبێت ، وە ئەگەر تەمەنى زياتر بوو تا (٤٥) ساڵ بە خوێندنى پاراڵێل وەردەگيرێت ، بە مەرجێک كۆنمرەى (٥٥%) كەمتر نەبێت.

٥- زانكۆ بەرپرسيار نييە لە ياساى ڕاژەى شارستانى (قانون الخدمه المدنيه) وە بەهرەمەند دەبێت بە تەواوى خۆى تەرخان بكات بۆ خوێندنەكەى و خۆى بەرپرسيارە لە وەرگرتنى مۆڵەتى خوێندنەكەى.

٦- لە كاتى پێشبڕكێدا ڕەچاوى نمرە دەكرێت بە ڕێژەى (٦٠%) ى نمرە لە سەر كۆنمرە كەى دەبێت و ڕێژەى (٤٠%) ى نمرە لە سەر لێهاتوويى توانستى بەهرەمەندى پاڵێوراو دەبێت ، بە مەرجێک لە لێهاتوويى توانستى بەهرەمەندى دەرچووبێت.

٧- بەهرەمەند دەبێت ئەندامى سەنديكاى هونەرمەندانى كوردستان بێت.

٨- پێویستە بەهرەمەند سەرجەم دۆکۆمێنتەکان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وەک (ڕۆژنامە/ بڕوانامەکان / خەڵاتەکان / وێنە / پێناس) پەسند کراو بێت لە لایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

٩- بەهرەمەندی نابینا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەشی میوزیک ، بە مەرجێک بڕگەکانی (١-٨) ی تێدا بێت و بەهرەمەندی هونەری خۆی بسەلمێنێت.

١٠- بەهرەمەند لە مەرجی جەستەیی و شیاوی مامۆستایی دەبەخشرێت لە بەشی میوزیک و شێوەکاری واتە گشت (خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن.

***پێداویستییەکان بۆ بەشی میوزیک:**

پێویستە بەهرەمەند ئامێری میوزیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاو پێکەوتن.

*** پێداویستییەکان بۆ بەشی شێوەکاری:**

پێویستە بەهرەمەند کەرەستەکانی هێڵکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاو پێکەوتن.

## بڕگەی نۆیەم: وەرگرتن لە کۆلێژ و سکوڵ و بەشەکانی وەرزش:

### أ/ دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی:

1- قوتابی/ خوێندکار دەبێت دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی یان وێژەیی ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) بێت ، سەبارەت بە قوتابی/ خوێندکاری دەرچووی ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات ، بە مەرجێک لە هیچ کۆلێژێک یا پەیمانگەیەک وەرنەگیرا بێت و نمرەکەشی لەگەڵ نمرەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) بگونجێت و بەڵێننامەی پێ پڕ بکرێتەوە.

2- پاڵێوراو دەبێت دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بێت و یان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستەمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.

٣- قوتابی / خوێندکار دەبێت لەدایک بووی ساڵی (١٩٩٤) یان سەرووتر بێت.

4- پێویستە تێکڕای نمرەی قوتابی/ خوێندکار لە (**٦٠%**) کەمتر نەبێت بۆ هەر دوو ڕەگەز.

٥- لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (٦٠%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی دەبێت و (٤٠%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی جەستەیی (اللياقة البدنية) پاڵێوراو دەبێت و تێیدا دەرچووبن.

6- دەبێت قوتابی / خوێندکار باڵای لە (١٦٥) سم بۆ کوڕ و (١٥٥) سم بۆ کچ کەمتر نەبێت.

7- دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە پشکنینی تەندروستی گشتی دەرچووبێت.

٨- دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە چاوپێکەوتنی کەسێتی و تاقیکردنەوەی جەستەیی (اللياقة البدنية) و (تەکنیکی کارامەیی ، مهاری) دا لە نیوەی نمرەی سەرجەم تاقیکردنەوەکان زیاتر بە دەست بهێنێت.

٩- قوتابی / خوێندکار پێویستە جل و بەرگی تایبەتی وەرزش لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ چاوپێکەوتنی کەسێتی و ئەو ڕۆژانەی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات.

١٠- دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە کاتی پشکنینی تەندروستیدا کە ئەنجامی دەدات هەموو دۆکۆمێنتەکان وەک پشکنینی دڵ ، سۆنەری هەناو ، پشکنینی گورچیلە ، پشکنینی کۆئەندامی هەناسە ، پشکنینی پێست (پشکنینەکانی خوێن) گرووپی خوێن و ڕێژەیی هیمۆگلۆبین و چەوری و شەکرە بێنێت.

١١- دەبێت پێشکەشکار هاوڵاتی ڕەسەنی کوردستان بێت و لایەنی کەم دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

## <u>ب / پاڵەوانان:</u>

١- یاریزانانی هەڵبژاردەکانی کوردستان و عێراق وەکو پاڵەوان ئەژمار دەکرێن ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێپەڕ نەبوو بێت بە سەر پاڵەوانیەکەیدا تا ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن.

٢- پلەی یەکەم تا سێیەمی بە دەست هێنا بێت لە سەر ئاستی عێراق ، بۆ یاری تاک وکۆمەڵەکان ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێنەپەڕی بێت بە سەر پاڵەوانیەکەیدا تا ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن.

٣- پلەی یەکەم تا سێیەمی بە دەست هێنا بێت لە سەر ئاستی هەرێم بۆ یاری تاک و کۆمەڵەکان ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێنەپەڕی بێت بە سەر پاڵەوانیەکەیدا تا ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن.

٤- پلەی یەکەمی بە دەست هێنا بێت لە سەر ئاستی پەروەردەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆییەکانی هەرێم بۆ یاری تاک وکۆمەڵەکان ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێنەپەڕی بێت بە سەر پاڵەوانیەکەیدا تا ڕێکەوتی پێشکەش داواکاری وەرگرتن.

٥- پالێوراو دەبێت دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بێت و یان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستەمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.

٦- کۆنمرەی کەمتر نەبێت لە **(٥٥%)** وە ئەگەر کەمتر بوو بە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێت.

٧- دەرچووانی پەیمانگەکانی وەرزشی ناحکومی بە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێن.

٨- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٩- دەرچووی هەمان ساڵ یان ساڵی پێشتری خوێندن بێت ، بە مەرجێک لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەک (حکومی و ئەهلی- تایبەت) وەرنەگیرا بێت و بەڵێننامەی پێ پڕ بکرێتەوە.

١٠- دەرچووان بە پێی ژمارەی داواکراو لە پلانی زانکۆکان و بە پێی کێبڕکێ لە سەر بنەمای کۆنمرە وەردەگیرێن.

١١- پێشکەشکاران لە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی (پیشەسازی ، بازرگانی ، کشتوکاڵ ، گەشت و گوزار) دەبێت تێکڕای نمرەیان لە **(٦٥%)** کەمتر نەبێت.

١٢- لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی ( ٦٠ %) ی نمرە بۆ کۆنمرەکەی دەبێت و (٤٠ %) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی جەستەیی (اللياقة البدنية) پاڵێوراو دەبێت و بە مەرجێک لە لێهاتوویی توانستی دەرچوو بێت.

١٣- پێویستە کەسی پێشکەشکار دۆکۆمێنتی هەبێت کە لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە بە فەرمی پشتگیری لێکرا بێت وەکو:

ا. لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و عێراق.

ب. نوێنەرایەتی لێژنەی ئۆڵۆمپی پارێزگاکان.

ج. بەڕێوبەرایەتی چالاکی وەرزشی پەروەردە.

د. بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٤- وەرگرتنی پاڵەوانان بە پێی پلانی وەرگرتنی کۆلێژ وسکوڵ و بەشەکان دەبێت ، بە مەرجێک ڕێژەی (١٥%) تێپەڕ نەکات و (٥%) ی ئەم ڕێژەیە بۆ پاڵەوانانی پەیمانگە وەرزشییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەبێت.

١٥- پاڵەوانان تاقیکردنەوە لە پسپۆری تایبەتی خۆیاندا ئەنجام دەدەن.

١٦- لێژنەیەکی ناوەندی پێک بهێنرێت لە سەر ئاستی زانکۆ بە مەبەستی بەدواداچوون بە دۆکۆمێنتەکان و بەشەکانی هاوشێوە لە سنوری پارێزگاکان دا بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پاڵەواناندا.

١٧- بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەش کردن و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی لە یەک کاتی دیاریکراودا لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێم ئەنجام دەدرێت.

## برگەی دەیەم:

## وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکانی هەرێم:

یەکێک لە مەبەستەکانی کردنەوەی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان ، ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ، دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تەکنیکی لەو کۆلێژە تەکنیکیانەدا کە لەگەڵ پسپۆرییەکەیان دەگونجێت. ئەو دەرچووانەی پەیمانگە کە لە کۆلێژی تەکنیکی وەردەگیرێن لە (قۆناغی یەکەم دەوام دەکەن).

هەر پسپۆرییەکی پەیمانگەکان لە کۆلێژی تەکنیکییەکان نەبێت ئەوا هەمان ڕێنمایی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانیان لە سەر جێ بەجێ دەکرێت.

## رێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان:

١- رێژەی (٥٠%) ی پلانی وەرگرتنی بەشە زانستییەکان بۆ دەرچووانی ئامادەیی دەبێت ، ئەم قوتابی و خوێندکارانە لە رێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابییانەوە لە قوناغی یەکەم وەردەگیرێن.

٢- رێژەی (٥٠%) ی پلانی وەرگرتنی بەشە زانستییەکان بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکانی ئەمساڵی خوێندن و ساڵانی پێشوو دەبێت ، ئەم پلانە دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێ یەم ) لە خۆ ناگرێت ، وەرگرتنی ئەو دەرچووانە بە سیستەمی پاراڵێل دەبێت ، ئەگەر رێژەکە پڕ نەبوو ئەوا پلانەکە بە دەرچووانی ئامادەیی پڕ دەکرێتەوە.

٣- پێویستە دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی سەر ئاستی بەشەکانی هەر پەیمانگەیەک تێکرای نمرەکانیان (**٨٠%**) کەمتر نەبێت ، سەرجەم دەرچووانی تر دەچنە پێشبڕکێ بە پێی رێنماییەکانی سیستەمی پاراڵێل بەم شێوەیەی خوارەوە:

* بۆ کۆلێژە تەکنیکییە ئەندازیارییەکان مەرجی نمرە بۆ پێشکەش کردن و پێشبڕکێ (**٧٠%**) کەمتر نەبێت.
* بۆ کۆلێژە تەکنیکییە تەندروستییەکان مەرجی نمرە بۆ پێشکەش کردن و پێشبڕکێ (**٦٥%**) کەمتر نەبێت.
* بۆ کۆلێژە تەکنیکییەکانی تر مەرجی نمرە بۆ پێشکەش کردن و پێشبڕکێ (**٦٠%**) کەمتر نەبێت.

## شێوازی وەرگرتنی ئەو دەرچووانە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت بە سیستەمی پاراڵێل:

١- پێشکەش کردن و وەرگرتن بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس ڕاستەوخۆ پاش دەرچوونی ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی (خولی یەکەم) دەست پێدەکات و لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زانکۆوە ئەنجام دەدرێت. بۆ ئەم مەبەستە داتابەیسێکی تایبەت لە لایەن هەر سێ زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکانەوە ئامادە دەکرێت بە ئۆنلاین و بە وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە ، لیستی کاندیدەکان پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی زانکۆ لاین دەبێت بگاتە وەزارەت بۆ ڕاگەیاندنی.

مەرج نیە هەر قوتابی/ خوێندکارێک کە داواکاری پێشکەش کرد وەربگیرێت لە بەر ئەوەی وەرگرتن بە پێشبڕکێ بە پێی پلانی بەشە زانستییەکان دەبێت. بۆ پڕکردنەوەی کورسییەکان بە پێی پلانی وەرگرتن ، ڕێزبەندی نمرەی دەرچونی دبلۆم و تەمەن دەکرێت بە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی خوازیارە سەرکەوتووەکان و هیچ پێوەرێکی تر بەکارناهێنرێت.

٢- مەرجی تەمەن بۆ پێشکەش کردن لە (١٩٧٩/١/١) وبچوکتر.

٣- ئەوانەی وەردەگیرێن (دامەزراو بن یان نا) هەموو رێنماییەکانی قوتابیانیان لە سەر جێ بەجێ دەکرێت واتە (ڕێژەی ئامادە بوون) وە وەزارەتمان بەرپرس نیە بەرامبەر فەرمانگەکانیان بو پێدانی مۆڵەت ودەوامکردن.

٤- هەر خوێندکارێک مافی پێشکەش کردنی بۆ یەک زانکۆ هەیە لە ساڵێک دا بۆ چوونە پێشبڕکێ.

٥- لە وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاراندا بو تەواوکردنی بەکالۆریۆس سنووری جوگرافی ڕەچاو ناکرێت واتە وەرگرتن پابەند نابێت بە شار و پارێزگای تەواوکردنی دبلۆمەوە بەڵام ڕێنماییە گشتییەکانی خوێندن سەبارەت بە بەشی پارێزگا و دەرەوەی پارێزگا ڕەچاو دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

* (٨٠%) کورسییەکانی خوێندن بۆ پارێزگا.

* (٢٠%) کورسییەکانی خوێندن بۆ گشتی ( گشت هەرێم).

٦- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە سیستەمی پۆلیتەکنیک وەردەگیرێن ناتوانن دابەزین ئەنجام بدەن.

٧- (٥) پێنج کورسی خوێندن لە کۆلێژە تەکنیکییەکان بۆ پەیمانگە تایبەتەکان ( ئەهلییەکان) ی دوو ساڵە تەرخان دەکرێت بە هەمان ڕێنماییەکانی سەرەوە بە سیستمی پارالێل ، وە لەکاتی پڕ نەکردنەوەی کورسییەکانیان دەکرێت بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بە هەمان ڕێنمایی بەکار بهێنرێت.

## میکانیزمی پێشکەشکردن و وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان:

- پێشکەش کردن ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆماری گشتی زانکۆوە به شێوەی سیستەمی پۆلیتەکنیک دەبێت.

- کاتی پێشکەش کردن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتنەوە دیاری دەکرێت لەگەڵ سەرجەم سیستەمەکانی تری وەرگرتن.

- ڕاگەیاندنی ناوەکان بە شێوەی (ئۆنلاین) دەبێت.

- ماوەی یەک هەفتە تەرخان دەکرێت بۆ گازاندە پێشکەش کردن لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی وەرگرتن.

## بڕگەی پانزەیەم :

## وەرگرتنی دەرچووانی یەکەمەکانی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆکاندا (بە مەرجێک دەرچووی خولی یەکەم بن ).

١- دەرچووی یەکەم لە کۆمەڵەی پزیشکی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی پزیشکی وەردەگیرێت.

٢- دەرچووی یەکەم لە بەشەکانی ددان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی پزیشکی ددان وەردەگیرێت.

3- دەرچووی یەکەم لە بەشی دەرمانسازی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی دەرمانسازی وەردەگیرێت.

4- یەکەمی بەشی (شیکاری نەخۆشییەکان) پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی زانست بەشی تاقیگەی پزیشکی وەردەگیرێت.

٥- دەرچووی یەکەم لە بەشی تەکنەلۆژیای نەوت (کارپێکردن وکۆنترۆل) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت وەردەگیرێت.

٦- دەرچووی یەکەم لە بەشی ڕووپێوی لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی ڕووپێوی وەردەگیرێت.

٧- دەرچووی یەکەم لە بەشی میکانیک لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی میکانیک وەردەگیرێت.

٨- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی خالەکانی (٧،٦،٥،٤،٣،٢،١) دەیانگرێتەوە دەبێت تێکرای نمرەکانیان لە **(٨٠%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکرای نمرەکانیان لە **(٨٠%)** کەمتر بوو دەتوانن بە سیستەمی پارالێل وەربگیرێن.

٩- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە هەر بەشێکی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە کۆلێژی هاوپسپۆری (جگە لە کۆمەڵەی پزیشکی) لە زانکۆکاندا وەردەگیرێن ، بە مەرجێک تێکرای نمرەکانیان لە **(٨٠%)** کەمتر نەبێت ئەگەر لە **(٨٠%)** کەمتر بوو ئەوا بە هەمان کەمترین کۆنمرەی دەستنیشان کراو بۆ وەرگرتن لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان، وەردەگیرێن لە زانکۆکانی تر بە سیستەمی پارالێل بەپێی خشتەی ژمارە (١).

**خشتەی (١)**

**(وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکوکانی هەرێم (جگە لە زانکو پولیتەکنیکییەکان)**

| ژ | بەشی تەکنیکی لە پەیمانگە | کۆلێژ(سکوڵ)ی هاوتا لە زانکۆ | بەش هاوتا لەکۆلێژ(سکوڵ)ەکانی زانکۆ |
|---|---|---|---|
| ١ | ددانسازی | زانست | بایۆلۆجی |
| ٢ | دەرمانسازی | زانست | کیمیا |
| ٣ | سڕکردن | زانست | کیمیا |
| ٤ | تیشك | زانست | فیزیا |
| ٥ | چارەسەری سروشتی | زانست | فیزیا |
| ٦ | پشکنینی چاو | زانست | فیزیا |
| ٧ | ئامێرە تاقیگە پزیشکییەکان | زانست | فیزیا |
| ٨ | شیکاری نەخۆشییەکان | زانست | تاقیگەی پزیشکی |
| ٩ | تەکنەلۆجیای نەوت ( کارپێکردن و کۆنترۆڵ) | زانست | جیۆلۆجی |
| ١٠ | کارەبا | ئەندازیاری | کارەبا |
| ١١ | میکانیک | ئەندازیاری | میکانیک |
| ١٢ | ڕووپێوی | ئەندازیاری | ڕووپێوی |
| ١٣ | تەکنیکی تەلارسازی | ئەندازیاری | تەلارسازی |
| ١٤ | کارگێری یاسا | یاسا و رامیاری | یاسا |
| ١٥ | کارگێری سیاسی | یاسا | زانستە رامیارییەکان |
| ١٦ | ئامار وزانیاری ، ئامار | کارگێری و ئابووری | ئامار |
| ١٧ | کتیبخانە ، گشتگیری جۆری ، کارگێری نەخۆشخانە | کارگێری و ئابووری | کارگێری |
| ١٨ | گەشت و گوزار ، ڕێبەری گەشتیاری ، کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری | کارگێری و ئابووری | گەشتیاری |
| ١٩ | کارگێری بانکی | کارگێری و ئابووری | زانستی دارایی و بانک |
| ٢٠ | سامانی ئاژەڵ | کشتوکاڵ | سامانی ئاژەڵ |
| ٢١ | ڕەزگەری | کشتوکاڵ | ڕەزگەری، باخداری، بیستانکاری |
| ٢٢ | ڕێنمایی کشتوکاڵی | کشتوکاڵ | ڕێنمایی کشتوکاڵی |
| ٢٣ | دروستی ئاژەڵی (شەقلاوە) + تەکنیکی ڤێترنەری کەلار | پزیشکی ڤیتێرنەری | ڤیتێرنەری |

| ژ | بەشی تەکنیکی لە پەیمانگە | کۆلێژ(سکوڵ)ی هاوتا لە زانکۆ | بەش هاوتا لەکۆلێژ(سکوڵ)ەکانی زانکۆ |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | تەکنیکی وەرگێڕان | زمان/ ئاداب | وەرگێڕان ، زمانی ئینگلیزی |

١٠- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە هەر بەشێکی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە بەشی هاوتا لە کۆلێژە تەکنیکییەکان وەردەگیرێن ئەگەر پسپۆرییەکەیان هەبێت لە هەر کۆلێژێکی تەکنیکی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم. بە پێی خشتەی ژمارە (٢).

## خشتەی (٢)

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان

| **بەشی زانستی لە پەیمانگە** | **کۆلێژی تەکنیکی** | **بەشی زانستی لە کۆلێژی تەکنیکی** |
|---|---|---|
| **ژمێریاری+ کارگێڕی بانك** | تەکنیکی کارگێڕی هەولێر<br>تەکنیکی کارگێڕی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | تەکنیکی ژمێریاری و دارایی |
| **ڕاگەیاندن+ڕۆژنامەڤانی +ڕۆژنامەڤانی ئەلیکترۆنی +زانیاری کتێبخانە+ کارگێری کتێبخانە+ کتێبخانە** | تەکنیکی کارگێڕی هەولێر<br>تەکنیکی کارگێڕی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | تەکنیکی میدیا<br>ڕۆژنامەڤانی ئەلیکترۆنی |
| **تەکنیکی بازارگەری+ سەرچاوە مرۆییەکان+ کارگێری نەخۆشخانە+ کارگێری تەندروستی+کارگێری گومرگ+کارگێری کۆگا+ کارگێری بازارگەی ،کارگێری کار+کارگێری کەرەستە + کارگێری نووسینگە+ گشتگیری جۆری+کارگێری یاسا** | تەکنیکی کارگێڕی هەولێر<br>تەکنیکی کارگێڕی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | تەکنیکی کارگێری<br>(تێبینی/ لە ڕێزبەندیدا پێشینەی هاوپسپۆری پەیمانگە و کۆلێژ بۆ وەرگرتن ڕەچاو دەکرێت) |
| **داتابەیس** | تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی | تەکنۆلۆجیای داتابەیس |
| **نێتۆرک(Net work)** | تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی<br>تەکنیکی ئینفۆرماتیکی ئاکرێ | تۆڕەکانی کۆمپیوتەر<br>پاراستنی زانیاری |
| تەکنۆلۆجیای زانیاری<br>سیستەمی زانیارییە کارگێرییەکان<br>سیستەمی کۆمپیوتەر<br>کارگێری ئەلیکترۆنی<br>کارەبا<br>گەیاندن | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهۆک<br>تەکنیکی ئینفۆرماتیکی ئاکرێ | تەکنۆلۆجیای زانیاری |
| **میکانیك +ساردکردن و هەواسازی+ تەکنیکی ئۆتومبێل+ میکانیک و ووزە** | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک | میکانیک+ میکانیك و ووزە + ووزە |
| **بیناکاری + بیناسازی + ڕووپێوی + ڕێگا وبان + دروست کردنی ڕێگا** | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک | ئەندازیاری شارستانی/ هەولێر<br>ت. ئەندازیاری ڕێگاوبان/ هەولێر<br>ڕێگا وبان/ دهۆک |
| **وێنەی ئەندازیاری+ڕووپێوی** | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | پلانسازی شار/ سلێمانی |

| بەشی زانستی لە پەیمانگە | کۆلێژی تەکنیکی | بەشی زانستی لە کۆلێژی تەکنیکی |
|---|---|---|
| **گەیاندن+ ئەلیکترۆن** | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | گەیاندن |
| **کارەبا و تاسیساتی کارەبا** | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | توانایی کارەبایی |
| **پەلی دەستکرد + تەندورستی کۆمەڵ +پەرستاری +نەخۆشەقانی+ئافرەتان و لە دایکبوون +ژنان ومناڵ بوون +چارەسەری سروشتی +پاراستنی تەندورستی ددان+ پەرستاری ددان+ تیشک+چاو** | تەکنیکی تەندورستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندورستی شێخان | چارەسەری سروشتی<br>تەندورستی و کۆمەڵ<br>(تێبینی/ لە رێزبەندیدا پێشینەی هاوپسپۆری پەیمانگە و کۆلێژ بۆ وەرگرتن رەچاو دەکرێت) |
| **شیکاری نەخۆشییەکان+ دەرمانسازی+ ئامێری تاقیگە پزیشکییەکان** | تەکنیکی تەندورستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندورستی سلێمانی<br>تەکنیکی تەندورستی شێخان | شیکاری نەخۆشییەکان |
| **شیکاری کیمیایی+ نەوت+ سیستەمەکانی کار پێکردن و کۆنترۆڵکردنی نەوت** | تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی زاخۆ | پترۆکیمیا<br>نەوت و ووزە<br>پترۆل |
| **پاراستنی رووەک +رێنمایی کشتوکاڵی+کشتوکاڵی داپۆشراو+ رووەکە جوانەکان +رەزگەری+ بەروبومی کێڵگەیی+ باخداری+ پیشەسازی خۆراک** | تەکنیکی ئاکرێ<br>تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/هەڵەبجە | رەزگەری<br>باخداری و دیزاینی دیمەنی سروشتی |
| **پیشەسازی خۆراک+پیشەسازی خۆراک و کۆنترۆڵی جۆری** | تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/ هەڵەبجە | پیشەسازی خۆراک و کۆنترۆڵی جۆری |
| **سڕکردن** | تەکنیکی تەندورستی سلێمانی | سڕکردن |
| **پەرستاری+ پەرستاری منداڵان+ ژنان منداڵ بوون** | تەکنیکی تەندورستی سلێمانی | پەرستاری |
| **پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری** | تەکنیکی کارگێری سلێمانی | پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری |

١١- دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەمی بەشی پەرستاری لە پەیمانگە تەکنیکییەکان لە کۆلێژی پەرستاری لە زانکۆکاندا وەردەگیرێن ، بە مەرجێک تێکرای نمرەکانیان لە (٨٠%) کەمتر نەبێت و ئەگەر تێکرای نمرەکانیان لە (٨٠%) کەمتر بوو دەتوانن بە سیستەمی پارالیل وەربگیرێن.

١٢- دەرچووانی یەکەم و دووەم و سێ یەمی هەر بەشێکی پەیمانگەکان لە سیستەمی خوێندنی ئێواران

لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان لە زانکۆ گشتییەکان بە هەمان رێنماییەکان بە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێن.

## برگەی دوانزەیەم :

## ڕێنمایی وەرگرتن بە (سیستەمی کریدت) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠):

١- بۆ ئەمساڵی خوێندن سیستەمی کریدت (وحدات) پەیڕەو دەکرێت لە سەرجەم زانکۆ حکومی و تایبەتەکان.

٢- لەم سیستەمە هەژمارکردنی (کریدت) بۆ وانە پەیوەندیدارەکانی هەر بەشێک پەیڕەو دەکرێت ، واتە کۆنمرەی کۆتایی قوتابی/ خوێندکار **(٧٠%)** ی لە سەر کۆنمرەی پۆلی دوانزە دەبێت و **(٣٠%)** ی نمرەی لە سەر وانە پەیوەندیدار بەو پسپۆریەی کە پێشکەشی دەکات ، بۆ نمونە / بۆ وەرگرتن لە بەشی ماتماتیک (کریدتی وانەی بیرکاری لە وانەکانی تر زیاتری پێدەدرێت).

٣- ئەم جۆرە وەرگرتنە بە بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی لە لایەن وەزارەتەوە ڕێکخراوە قوتابی/ خوێندکار داواکاری خۆی پێشکەش بەو بەش و کۆلێژانە دەکات کە ئارەزوویەتی ، دوای داخل کردنی (ناوی بەکارهێنەرو ووشەی تێپەر) لە لایەن قوتابی/ خوێندکار لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە کە هەموو کۆلێژ و بەشەکانی (زانکۆلاین ، پارالێل ، ئێواران) لە خۆدەگرێت ، واتە قوتابی/ خوێندکار سەر پشکە لە هەڵبژاردنی هەر جۆرە سیستەمێکی خوێندن.

٤- داواکار مافی پێشکەش کردنی بۆ چەند بەش و زانکۆی جیاواز هەیە ، بە مەرجێک لە (٥٠) هەڵبژاردن کەمتر نەبێت و ئەگەر کەمتر بوو ئەوا پێشکەش کردنەکەی سەرکەوتوو نابێت.

٥- کەمترین کۆنمرەی پێشبڕکێی وەرگرتن بۆ خوێندنی بەیانیان بریتی دەبێت لە **(٦٥%)** بۆ کۆلێژ و **(٦٠%)** بۆ پەیمانگە.

٦- دەرچووانی ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن ، بۆ پێشبڕکێ لە دەرچووانی خولی یەکەم و دووەمدا ، هەروەها دەرچووانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) کە لە هیچ زانکۆیەکی (حکومی و تایبەت) وەرنەگیراون مافی پێشکەش کردنیان دەبێت.

٧- بۆ بەشەکانی (وەرزش ، هونەرە جوانەکان ، خوێندنی ئیسلامی... هتد) وەرگرتن بە شێوەی (چاوپێکەوتن وتاقیکردنەوە) دەبێت بە هەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو لە زانکۆکان ئەنجام دەدرێت.

## برگەی سیانزەیەم : وەرگرتن لە خوێندنی ئێواران لە زانکۆ حکومی وتایبەتەکان:

١- بۆ خوێندنی ئێواران بە هیچ شێوەیەک چیتر خوێندکار/ قوتابی لە کۆلێژەکانی زانکۆ حکومی و تایبەتەکان وەرناگیرێت و خوێندنی ئێواران تەنها بۆ پەیمانگەکان دەبێت.
٢- پلانی وەرگرتنی خوێندنی ئێواران لە پەیمانگەکاندا نابێت لە ڕێژەی (١٠٠%) ی پلانی پەسندکراوی بەشەکانی بەیانیان زیاتر بێت.
٣- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری بە دواداچوون دەکات بۆ دڵنیایی لە ئاستی زانستی و کواڵیتی بەشەکان.
٤- پێشکەش کردن بە شێوازی ئەلیکترۆنی (ئۆنلاین) دەبێت ، لە هەمان لاپەڕەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە پێشکەش کردنی (زانکۆ لاین ، پارالێل).

٥- بۆ زیاتر دەستەبەر کردنی کوالێتی و دڵنیایی جۆری ، تاقیکردنەوە کۆتاییەکان لە خوێندنی ئێواران لەگەڵ خوێندنی بەیانیان بەیەکەوە ئەنجام دەدرێت بە هەمان پرسیار دەبێت.

٦- کات ژمێرەکانی دەوامی خوێندنی ئێواران دەبێت بە هاوتای کات ژمێرەکانی خوێندنی بەیانیان بێت (لە ٨ کاتژمێر کەمتر نەبێت).

٧- لە زانکۆکاندا هەر بەشێک لە پەیمانگەکان ، ئەگەر لە خوێندنی بەیانیان قوتابی/ خوێندکاری نەبێت بۆی نیە لە دەوامی ئێواران قوتابی خوێندکار وەربگرێت.

٨- کۆنمرەی وەرگرتن لە پەیمانگە حکومییەکان نابێت لە (**٥٥%**) کەمتر بێت ئەم مەرجە دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکانیش دەگرێتەوە بە ڕەچاوکردنی هاوپسپۆرییان.

کۆنمرەی وەرگرتن لە قەزاو ناحیەکان و ئەوشوێنانەی کە زانکۆی تایبەتیان لێ نیە بە هەمان کۆنمرەی زانکۆ تایبەتەکان دەبێت.

٩- بۆ وانە پەیوەندیدارەکانی پسپۆرییەکان ڕەچاوی (کریدت) دەکرێت.

١٠- پێشینە (ئەولەویەت) بۆ دەرچووانی ئامادەیی ساڵانی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) ، (٢٠١٨-٢٠١٩) دەکرێت تا ڕێژەی (٧٠%) وە لە کاتی پڕ نەبوونەوەی ئەو ڕێژەیە بە دەرچووانی ساڵانی ڕابردوو و دەرەوەی هەرێم پڕ دەکرێتەوە و ڕەچاوی تەمەن ناکرێت جگە لە کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش که تەمەنیان نابێت لە (٣٠) ساڵ تێپەر بکات.

١١- ئەو قوتابی / خوێندکارەی کە دەرناچێت ( راسب) دەبێت و خوێندنی ئێواران لەو قۆناغەدا نامێنێت ئەوا بە میوانداری دەچێتە خوێندنی بەیانیان بە سیستەمی پارالێل بە تەواوی کرێی خوێندنی پارالێل وە بڕوانامەکەی بە ئێواران دەبێت.

١٢- گواستنەوە بۆ وەرگیراوان لە خوێندنی ئێواران بۆ بەشی هاوشێوەی بەیانیان ناکرێت لە بەر جیاوازی کۆنمرە.

١٣- بە مەبەستی هاندانی خوێندن ئەگەر قوتابی/ خوێندکار کە بە سیستەمی ئێواران وەرگیراوە ئەگەر لە هەر ساڵێک یەکەم بوو لە سەر هەموو قوتابیان/ خوێندکارانی بەشەکەی ئەوا لە (٧٥%) ی کرێی خوێندن دەبوردرێت و ئەگەر دووەم بوو لە (٥٠%) و سێیەم لە (٢٥%) ی کرێی خوێندن دەبوردرێت.

١٤- سەبارەت بە کرێی خوێندنی ئێواران لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەست نیشان دەکرێت بە پێی تێچووی بەشەکە و پێداویستییەکانی ، بە مەرجێک ڕێژەکە کەمتر نەبێت (٧٠%) ی نرخی خوێندنی بەش و کۆلێژی هاوشێوەی زانکۆ تایبەتەکان لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە زانکۆکان دەبێت نرخی کرێی خوێندن لە بەشەکانی پەیمانگەکان ڕەوانەی وەزارەت بکەن.

## <u>برگەی چواردەیەم :</u>

## <u>وەرگرتن لە خوێندنی سیستەمی پارالێل:</u>

1- ڕێژەی (٤٠%) ی پلانی وەرگرتن بۆ سیستەمی پارالێل لە کۆلێژەکان ، وە (٥٠%) ی بۆ پەیمانگەکان تەرخان دەکرێت ، جگە لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی ، بەڵام سەبارەت بە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکان کە خوێندنی تایبەتیان تێدا نییە ئەگەر پلانیان پرنەبووەوە دەکرێت چەند نمرەیەک کەمبکرێتەوە ، بە مەرجێک (١٠) نمرە تێپەر نەکات.

٢- تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (٣٥) ساڵ زیاتر بێت بۆ کۆمەڵەی پزیشکی (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) وە (٤٠) ساڵ بۆ کۆلێژ و پەیمانگەکانی تر وە (٣٠) ساڵ بۆ (کۆلێژی وەرزش).

٣- پێشکەش کردن بۆ خوێندنی پاراڵێل بە هەمان شێوەی سیستەمەکانی (زانکۆلاین ، ئێواران) دەبێت.

٤- سەبارەت بە هەر کێشەیەکی تر کەیسەکان لە لایەن زانکۆوە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ چارەسەر کردنیان بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی ئاستی زانستی قوتابی/ خوێندکار بێت.

٥- کۆنمرەی پێشبڕکێ بەم شێوەیە دەبێت:

* لە کۆلێژەکانی (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) ڕەچاوی **(٣٠)** نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو

لەو ساڵەی خوێندندا دەکرێت.

* لە کۆلێژەکانی ئەندازیاری و یاسا ڕەچاوی **(٣٥ )** نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو لەو ساڵەی خوێندندا دەکرێت.

* بۆ کۆلێژەکانی زانستە تەندروستییەکان و هەر بوارێکی تر ڕەچاوی **(٤٥)** نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو لەو ساڵەی خوێندندا دەکرێت.

٦- کرێی خوێندنی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەستنیشان دەکرێت بە پێی تێچووی بەشەکە و پێداویستییەکانی لە لایەن وەزارەتەوە پەسند دەکرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش زانکۆکان دەبێت نرخی کرێی خوێندن لە هەر بەش و کۆلێژێک رەوانەی وەزارەت بکەن.

٧- بە مەبەستی هاندانی خوێندن ئەگەر قوتابی/ خوێندکار کە بە سیستەمی پاراڵێل وەرگیراوە لە هەر ساڵێک یەکەم بوو لە سەر هەموو قوتابیان/ خوێندکارانی بەشەکەی ئەوا لە (٧٥%) ی کرێی خوێندن دەبوردرێت ئەگەر دووەم بوو لە (٥٠%) و سێیەم لە (٢٥%) ی کرێی خوێندن دەبوردرێت.

٨- پێنج ساڵ زیاتر بە سەر دەرچوونی قوتابی تێپەڕ نەبووبێت.

٩- دەرچووی کۆلێژ بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن و لە سەر بنەمای کۆنمرەی ئامادەیی پێشبڕکێ دەکەن ، بە مەرجێک کۆنمرەی قوتابی لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت بۆ کۆلێژ و **(٥٥%)** بۆ پەیمانگە جگە لە پەیمانگە تەکنیکییە پزیشکییەکان لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت.

١٠- ڕەچاوی وانە پەیوەندیدارەکان دەکرێت (دروس المفاضلە).

١١- دابەزین وگواستنەوە بۆ وەرگیراوان بەم سیستەمە ناکرێت.

١٢- بە مەبەستی هاندانی داواکاری خوێندنی بە ( سیستەمی کریدت) لە وولاتانی دەرەوە بۆ دەرچووانی ئامادەییەکانی وولاتەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان و بیانی و نێودەولەتی دەکرێ ڕێژەیەک لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دیاری بکرێت بۆ وەرگرتنیان بە سیستەمی پاراڵێل ، لەگەڵ چاوپۆشی کردن لە هەندێ مەرج وەکو تەمەن و ساڵی دەرچوون و کۆنمرە.

## برگەی پانزەیەم :

## تەرخانکردنی کورسی خوێندن بۆ ڕاگەیاندکاران:

١- وەرگرتنی (٦) پاڵێوراوی ڕاگەیاندن لە هەر بەشێکی ڕاگەیاندن لە زانکۆکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکاندا وە ئەو بەشانەی لقیان هەیە ئەم شەش کورسییە دابەش دەکرێت بە سەر لقەکاندا.

٢- سەبارەت بە ئەوانەی پێشکەش دەکەن بۆ زانکۆکان ، دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگەی ڕاگەیاندن بن و ئاماژە بکرێت بە دوا بڕوانامە ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت.

٣- یەک لە سەر سێ ی کورسییەکانی خوێندنی وەرگرتن بە پێی پێشبڕکێ بۆ دەرچووانی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگەکان دەبێت ، بە مەرجێک تێکڕایی نمرەکانیان لە پەیمانگە لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت.

٤ - یەک لە سەر سێ ی کورسییەکانی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بۆ دەرچووانی پیشەیی دەبێت ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(٦٠%)** کەمتر نەبێت.

٥ - تەمەنی پاڵێوراو نابێت لە (٣٥) ساڵ زیاتر بێت و ئەگەر تەمەنی قوتابی لە نێوان (٣٥-٤٠) ساڵ بێت ، ئەوا بە خوێندنی پارالێل مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٦ - پاڵاوتن بۆ ئەم کورسییانە بە پێشبڕکێ دەبێت ، تاقیکردنەوەی لێهاتوویی ئەنجام دەدەن لە لایەن لێژنەی زانستی بەشەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەیی (٦٠%) ی لە سەر نمرەی ئامادەیی و ڕێژەی (٤٠%) ی بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتووی دەبێت بە هەر دوو شێوازی نووسین و چاوپێکەوتن ، بە مەرجێک لە تاقیکردنەوەکە دەربچێت. لەگەڵ پێشکەش کردنی دۆکۆمێنت و بابەتە پەیوەند کارەکانی پەیوەندە بە هەموو چالاکی ڕاگەیاندن.

٧- نابێت پاڵێوراو سێ ساڵ زیاتر لە ڕۆژی داواکردنی وەرگرتنی دا لە چالاکییەکانی دابڕاو بێت و دەبێت چالاکییەکانی بە دۆکۆمێنت و پشتگیری دەزگاکان پێشکەش بکات.

٨ - نابێت پاڵێوراو دەرچووی هیچ کۆلێژ بێت و یان ناوی سڕا بێتەوە لە کۆلێژ و پەیمانگە.

٩ - دوای پاڵاوتن ناوەکان بە کۆنووسێک بەرزدەکرێتەوە لە ڕێگەی تۆماری گشتی زانکۆ بۆ وەزارەت بۆ پەسەندکردنی.

## بڕگەی شانزەیەم :

## قوتابی/ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت:

١- قوتابی/ خوێندکاری نابینا کە مەرجەکانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواکاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆ وەرگرتن لە یەکێک لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان بە پێی فۆرمێکی تایبەت واتە لە ڕێگەی زانکۆلاین داواکاری پێشکەش ناکات.

٢- قوتابی/ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە ئەوا بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ خوێندنێکی شیاوتر بە پێی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم.

## بڕگەی حەڤدەیەم:

## ڕەچاوکردنی سنوری جوگرافی:

١- (٨٠%) ی کورسییەکان خوێندن لەو زانکۆیانەی کە لە هەر پارێزگایەک هەیە بۆ قوتابیان/ خوێندکارانی دانیشتوی پارێزگاکە دەبێت و لە (٢٠%) ی کورسییەکانیش بۆ کێبڕکێی گشت قوتابیان/ خوێندکارانی هەرێم دەبێت ، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ناوچەکانی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە لە سەر پارێزگای سلێمانی دەبێت.

٢- (١٠٠%) ی کورسییەکانی خوێندن لە پەیمانگە تەکنیکییەکان بە پێی سنوری جوگرافی بۆ قوتابیانی/ خوێندکارانی دانیشتوی پارێزگاکە دەبێت.

3- وەرگرتنی دەرچووان لە تاکە بەشەکان (کۆلێژ بێت یان پەیمانگە) ڕێژەی (٤٠%) ی وەرگرتن بۆ ئەو پارێزگایە دەبێت کە بەشەکەی تێدایە و (٦٠%) ی بۆ دەرچووانی هەرێم.

## بڕگەی هەژدەیەم:

## پەیوەندی کردن و ناڕەزایی:

١- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی ناوی لە هەر کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک دەردەچێت پێویستە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن پەیوەندی بە شوێنەکەی خۆی بکات ، بە پێچەوانەوە هەڵوەشاندنەوەی پاڵاوتنی بۆ دەکرێت و تاکو ساڵی خوێندنی دواتر ناتوانێت پەیوەندی بکات و هەروەها ساڵی یەکەمی وەرگیرانی بە کەوتوو بۆ ئەژمار دەکرێت.

٢- هەر قوتابی/ خوێندکارێک بە پێی ڕیزبەندی هەڵبژاردنەکانی خۆی لە کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک وەردەگیرێت ئەوا بە هیچ شێوەیەک مافی ناڕەزایی نابێت و خۆیان بەرپرسیارن لە هەڵەی پڕکردنەوە.

٣- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی هەر نەگونجان یان هەڵەیەک لە ئەنجامی وەرگرتنیدا هەبوو پێویستە سەرەتا وەک هەر قوتابی/ خوێندکارێکی تر پەیوەندی بەو خوێندنە بکات کە ناوی تێیدا دەرچووە و پاشان لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن فۆرمی نارەزایی لە مەڵبەندی ڕاوێژکاری پارێزگاکەی خۆی پڕبکاتەوە و دوا وەڵامییان لێ وەربگرێت سەبارەت بە بەردەوام بوونی لەسەر خوێندنەکەی تاوەکو بەرەو ڕووی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەکی یاسایی نەبێتەوە کە ببێتە هۆی دابڕانی لە خوێندن و هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنەکەی.

## برگەی نۆزدەیەم :

## گەڕانەوەی پالاوتن:

ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) پاڵێوراو بوو بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ئەگەر پەیوەندی نەکردبێت بە شوێنی وەرگرتنی لە بەر هەر هۆیەک بێت ئەوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) مافی گەڕانەوەی هەیە بۆ هەمان شوێنی پێشووی و ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) ی بە کەوتوو بۆ ئەژمار بکرێت ، بە مەرجێک دانەمەزرا بێت یا لە زانکۆیەکی تایبەت (ئەهلی) وەرنەگیرا بێت.

## برگەی بیستەم :

## خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن:

ئەو قوتابی/ خوێندکارەی لە خوێندنی بەیانیان وەردەگیرێت لە دەرچووانی ئامادەیی یا پەیمانگە پێویستە بە تەواوی خۆی بۆ خوێندنەکەی تەرخان بکات و ئەگەر پێش وەرگیرانی دامەزرا بێت بە هەر بڕوانامەیەک کە پێشتر بە دەستی هێناوە ، ئەویش پێویستە بە تەواوی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەکەی و خۆی بەرپرسە لە چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لە وەزارەتەکەی خۆی بە پێی یاسای خزمەتی شارستانی (قانون الخدمة المدنية) ، وە ئەگەر وەزارەتەکەی مۆڵەتی پێویستی بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی پێ نەدا ئەوا ناوی دەسڕێتەوە و خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ئەم خاڵە خوێندنی ئێواران ناگرێتەوە.

## برگەی بیست و یەک :

جێبەجێ کردنی گشت ئەو ڕێنماییانە لە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانی زانکۆکان و فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون/ بەڕێوبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن دایە، بۆ هەر خاڵ و برگەیەک بە پێی تایبەتمەندی خۆی.

## ڕێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزینی قوتابیان/ خوێندکاران:

## برگەی یەکەم : گواستنەوە

### برگەی یەکەم /خاڵی یەکەم: گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان:

قوتابیان/ خوێندکاران مافی گواستنەوە یان هەیە لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا هاتووە ، بە پێی فۆرمی ژمارە (١) :

أ- دەبێت قوتابی/ خوێندکار ساڵی یەکەمی بێت لە قۆناغی یەکەم لە زانکۆ ، واتە ساڵی کەوتن یا دواخستنی نەبێت.

ب- قوتابی/ خوێندکار یەکەم بێت لە سەر بەشەکەی لە خولی یەکەم و کۆنمرەی لە **(%٨٠)** کەمتر نەبێت.

ج- ساڵی پێشوو بۆیان ناچێتە سەر میچی خوێندن.

د- فەرمانی گواستنەوەی ئەم قوتابیانە لە وەزارەتەوە دەردەچێت و ئەگەر لیژنەی چاوپێکەوتنی قوتابی لە زانکۆکاندا لاریان هەبوو لە بەر هۆی تەندروستی ئەوا دووبارە دەنێردرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ چارەسەر کردنی بابەتەکە.

**خشتەی ژمارە (1) ی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان بۆ بەشە هاوتاکانیان بە پێی برگەی یەکەمی گواستنەوە و دابەزین**

| ژ | بەش لە کۆلێژەکانی زانکۆ | بەشی هاوتا لە کۆلێژەکانی زانکۆ |
|---|---|---|
| ١ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری | کۆلێژی پزیشکی |
| ٢ | کۆلێژی زانست/ بەشی زیندەوەرزانی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٣ | کۆلێژ / فاکەڵتی زانستە تەندروستییەکان/ مایکرۆبایۆلۆجی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٤ | سکوڵی تەندروستی/ میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٥ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ زانستی لابوری پزیشکی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٦ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ چارەسەری سروشتی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٧ | کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی / شیکاری نەخۆشییەکان | کۆلێژی پزیشکی |
| ٨ | کۆلێژی پەرستاری | کۆلێژی پزیشکی |
| ٩ | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانست/ بەشی کیمیا | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٠ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ کیمیای ژیانی کلینکی | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١١ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ زانستی سڕکردن | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٢ | کۆلێژی کشتوکاڵ/ بەشی زانستی ئاژەڵ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری |
| ١٣ | کۆلێژی کشتوکاڵ/ بەشی بەروبومی کێڵگەیی، باخداری | کۆلێژی زانست/ بایۆلۆجی |

| ژ | بەش لە کۆلێژەکانی زانکۆ | بەشی هاوتا لە کۆلێژەکانی زانکۆ |
|---|---|---|
| ١٤ | کۆلێژی زانست/ژینگە/ بە مەرجێک لە خولی یەکەم دەرچووبێت و کۆنمرەی لە (٨٠%) کەمتر نەبێت، وە لە وانەکانی (فیزیا- ماتماتیک) لە پۆلی دوانزە لە (١٦٠) کەمتر نەبێت. | کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوەکانی ئاو |
| ١٥ | کۆلێژی کشتوکاڵ/ بەشی خاک و ئاو/ بە مەرجێک لە خولی یەکەم دەرچووبێت و کۆنمرەی لە (٨٠%) کەمتر نەبێت، وە لە وانەکانی (فیزیا- ماتماتیک) لە پۆلی دوانزە لە (١٦٠) کەمتر نەبێت. | کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوەکانی ئاو |
| ١٦ | کۆلێژی کشتوکاڵ/ بەشی زانستی خۆراک و خۆراکی مرۆڤ | کۆلێژی زانست/ کیمیا |
| ١٧ | کۆلێژی کشتوکاڵ/ بەشی کارگێری کشتوکاڵی وە پەرە پێدانی ناوچەی گوند نشین | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ کارگێری |
| ١٨ | کۆلێژی زانست/ بەشی فیزیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی کارەبا |
| ١٩ | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی شارستانی |
| ٢٠ | کۆلێژی زانست/ بەشی کۆمپیوتەر | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی پرۆگرامسازی |
| ٢١ | کۆلێژی زانست/ بەشی جیۆلۆجی | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی جیۆتەکنیک |
| ٢٢ | سکولی زانست/ پترۆلیۆم جیۆساینزی نەوت (Petroleum Geo Science) | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت |
| ٢٣ | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ بەشی ئامار | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک |
| ٢٤ | کۆلێژو/ فاکەڵتییەکانی ئەدەبیات، زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەشەکانی (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، شوێنەوار، فەلسەفە).<br>**(ئەم برگەیە تەنها بۆ ئەمساڵی خوێندن (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەیرەو دەکرێت بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) لە قۆناغی یەکەمدا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە، وە ساڵانی دواتر کار بەم برگەیە ناکرێت).** | کۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی یاسا |
| ٢٥ | بەشی راگەیاندن لە زانکۆکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان<br>**(ئەم برگەیە تەنها بۆ ئەمساڵی خوێندن (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەیرەو دەکرێت بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) لە قۆناغی یەکەمدا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە، وە ساڵانی دواتر کار بەم برگەیە ناکرێت).** | کۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی رامیاری |
| ٢٦ | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ بەشی کارگێری کار و بەشی ئابوری (جگە لە بەشی ئامار).<br>**(ئەم برگەیەتەنها بۆ ئەمساڵی خوێندن(٢٠١٩-٢٠٢٠) پەیرەودەکرێت بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) لەقۆناغی یەکەمدا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە، وە ساڵانی دواتر کار بەم برگەیە ناکرێت).** | کۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی یاسا |

## بڕگەی یەکەم /خاڵی دووەم:

## گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم:

**(ئەو زانکۆیانەی کە سیستەمی (بۆلۆنا) پەیڕەو دەکەن تەنها لە نێوان خۆیاندا قوتابی/ خوێندکار دەتوانن گواستنەوە بکەن بەڵام مافی دابەزینیان هەیە لەگەڵ زانکۆکانی تر).**

قوتابی/ خوێندکار مافی گواستنەوەی دەبێت لە گشت قۆناغەکان ، جگە لە قۆناغی یەکەم ، لە نێوان زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ئەگەر یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:

أ- قوتابی/ خوێندکار دەرچوو بێت لە خوولی یەکەمدا بە پلەی باشە ، یا سەرووتر و دانیشتووی هەمان پارێزگا یا نزیک ئەو شارە بێت کە گواستنەوەی بۆ دەکرێت.

ب- قوتابی/ خوێندکار ئەگەر دایکی یان باوکی کۆچی دوایی کردبێت لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ ، بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت کە وەفاتنامە (بیان الوفاة) و (صورة القید) وە دانیشتووی هەمان پارێزگا یا نزیک ئەو شارە بێت کە گواستنەوەی بۆ دەکرێت.

ج- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار هاوسەرگیری بەستێت لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ دەبێت بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت لە گرێبەستی هاوسەرگیری ، وێنەی ڕەسەنی تۆماری باری شارستانی (صورة القید) ی ڕەسەن و بە فەرمی تۆمارکردنی لە لیستی باری شارستانی و دڵنیایی دەرچوون (صحة الصدور) بۆ بەڵگەنامەکان بکرێت ، بە هەمان شێوە بۆ ئافرەت ڕەچاوی جیابوونەوەی خێزانی (طلاق) بکرێت و لە کاتی دەرکەوتنی هەر ساختەکاریەک لە بەڵگەنامەکان لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت.

د- هەر قوتابی/ خوێندکارێک (تەنها بۆ ڕەگەزی مێینە) لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ منداڵی ببێت و بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت.

هـ- منداڵی (کوڕ و کچی) شەهید و ئەنفال کراوەکان مافی گواستنەوەیان هەیە لە نێوان زانکۆ بۆ هەمان کۆلێژ / پەیمانگە و بەشی کە لێی وەرگیراون و بە نووسراوی پشتگیری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ، وە بە واژووی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەبێت.

و- قوتابی/ خوێندکاری (کوڕ وکچ) ی مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە (مامۆستای یاریدەدەر ، مامۆستا ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، پرۆفیسۆر) مافی گواستنەوەیان هەیە ئەگەر دەرچووبن ، هەروەها کوڕ و کچی فەرمانبەرانی زانکۆکان و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە مەرجێک ساڵانی خزمەتی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

ز- قوتابی/ خوێندکار لە خوێندنی بەیانیان مافی گواستنەوەی هەیە بۆ خوێندنی ئێواران بە مەرجێک لە هەمان پسپۆری خۆیدا بێت ، دوای لاری نەبوونی هەر دوو لا بە ڕەچاوکردنی توانای بەشەکە لەگەڵ کۆ نمرەکەی و پێدانی کرێی خوێندن.

ح- (قوتابیان/ خوێندکاران) ی کۆلێژە ئەهلییەکان بە هیچ شێوەیەک مافی گواستنەوە یان میوانداریان نیە بۆ زانکۆ و کۆلێژە حکومییەکان.

ط- گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە بەشەکانی ئێواران بۆ بەشەکانی هاوشێوەی بەیانیان ناکرێت لە بەر جیاوازی کۆنمرەی پێشبڕکێ.

ی- هەموو گواستنەوەیەکی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگەکان بە رێگای کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگەکان و سەرۆکایەتی زانکۆکان دەبێت (بە پێی ڕێز بەندی و پەیوەندی) بە مەرجێک دوای ئەنجامدانی وێنەیەک لەگەڵ بەراییەکان بدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆ ووردبینی.

ک- مامەڵەی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران دەست پێ دەکات بە پڕکردنەوەی فۆرمی ژمارە (٢) ، لە تۆماری کۆلێژ / پەیمانگە بە ڕەچاوکردنی ڕەزامەندی بەشی زانستی ، ئینجا فۆرمی ژمارە (٢) دەنێردرێت بۆ تۆماری گشتی زانکۆ وە دوای ڕەزامەندی تۆماری گشتی زانکۆ دەنێردرێتە تۆماری گشتی زانکۆی داواکراو ، تا لاری نەبوونیان بە فەرمی وەربگیرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی لاری نەبوونی بەشی (کۆلێژ / پەیمانگە) ی داواکراو لەگەڵ بەرابەرکردن و مەقاسەکردنی وانەکان لە لایەن بەشی زانستی داواکراو دا لەگەڵ ناردنی لیستی ئەو وانانەی کە خوێندویەتی لەگەڵ یەکەکان لە ساڵانە و وەرزییەکاندا بە شێوەیەک (ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە یان چوار وانەی وەرزی بوو دەبێ قۆناغێک دابەزێندرێت) ، وە لە کاتی پێشبڕکێ لە سەر گواستنەوەکان لە یەک پرۆسەدا ڕەچاوی کۆنمرەی قۆناغەکەیان دەکرێت و هەموو فەرمانی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران بە واژووی سەرۆکی زانکۆکان دەبێت بە پێی پەیوەندی گواستنەوەکە.

ل- بۆ زانکۆکان هەیە سەیری داوای گواستنەوەی هەندێ لە قوتابیان/ خوێندکاران بکات بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن (جگە لە قۆناغی یەکەم) بۆ هەمان بەش بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان بە هۆی ئەو نەخۆشیانەی کە زۆر سەخت و قورس و بەردەوام و درێژخایەن و ترسناک و چارەسەریان زەحمەتە و بە فیعلی پێویست دەکات لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن بە پێی میکانیزمی خوارەوە:-

## میکانیزمی جێبەجێ کردنی بڕگەی دووەم (ل):

١- قوتابی/ خوێندکار داواکاری گواستنەوەی لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ڕاپۆرت و دۆکۆمێنتە پزیشکییەکانەوە کە باری تەندروستی قوتابی/ خوێندکار دەسەلمێنێت بە هۆی ئەو نەخۆشیانەی کە زۆر سەخت و قورس و بەردەوام و درێژخایەن و ترسناک و چارەسەریان زەحمەتە و بە فیعلی پێویست دەکات لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن پێشکەش بە کۆلێژ و پەیمانگەکەی دەکات و لە رێگەی کۆلێژ و پەیمانگەکە داواکاریەکەی بۆ تۆماری گشتی زانکۆکەی بەرز دەکرێتەوە و هاوپێچی فۆرمی گواستنەوەی ژمارە (٢) دەکرێت.

٢- تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەکەی لێدەکرێت فۆرمی ژمارە (٢) لە گەڵ دۆکۆمێنتەکان بەرز دەکاتەوە بۆ تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی کە قوتابی/ خوێندکار داواکاری بۆ دەکات لە شوێنی نیشتە جێ بوونی بە هاوپێچ کردنی گشت بەراییەکان.

٣- تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی کە داواکاریەکەی ئاراستە کراوە بە نووسراوی فەرمی نوسراوێک بەرزدەکاتەوە بۆ (لێژنەی پزیشکی تایبەت بە کاروباری گواستنەوە لە زانکۆکان لە سنووری پارێزگاکانی زانکۆی داواکراو) لەگەڵ هاوپێچ کردنی ڕاپۆرتە پزیشکییە ڕەسەنەکە بە پێی شوێنی جوگرافی کە بریتیە لە سێ بنکە:

| ژماره | پارێزگا | بنکە | زانکۆ |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | بنکەی زانکۆی هەولێری پزیشکی | ا- سەلاحەدین ب- هەولێری پزیشکی ج- پۆلیتەکنیکی هەولێر د- سۆران هـ- کۆیە |
| ٢ | سلێمانی | بنکەی کۆلێژی پزیشکی سلێمانی | ا- سلێمانی ب- پۆلیتەکنیکی سلێمانی ج- گەرمیان د- هەڵەبجە هـ- ڕاپەرین و- چەرموو |
| ٣ | دهۆک | بنکەی کۆلێژی پزیشکی دهۆک | ا- دهۆک ب- زاخۆ ج- پۆلیتەکنیکی دهۆک |

ئەم لێژنە تایبەتانە هەڵدەستن بە وەرگرتن و جێبەجێکردنی گشت مامەڵەکانی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکاران بە پێی بڕگەی (دووەم/ ل).

٤- لێژنەی پزیشکی تایبەت بە کاروباری گواستنەوە لە زانکۆکان وەڵامی نووسراوەکە دەداتەوە بۆ ئەو زانکۆیەی کە نووسراوی بۆ ئاراستە کردووە بە ڕاپۆرتێک کە تێیدا باری قورسی نەخۆشیەکە و پێویستی قوتابی/ خوێندکار بۆ درێژە پێدانی خوێندنی لە نزیک کەس و کاریەوە ، نابێت بڕیاری لێژنەی پزیشکی تایبەت بە گواستنەوە گۆرانکاری تێدا بکرێت واتا بۆ هەر حاڵەتێک یەکجار بڕیاری لە سەر دەدرێت.

٥- دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی لێژنەی پزیشکی تایبەت ، ئەو زانکۆیەی داوای گواستەوەی بۆ کراوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆلێژ و بەش لەڕووی مقاسە و سەربار کردن وەڵامی ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەی بۆ دەکرێت بە هەمان فۆرم دەداتەوە.

٦- ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەی لێوە دەکرێت فەرمانی زانکۆیی دەردەکات بە گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار وە زانکۆی داواکراو پشت بەست بە فەرمانی زانکۆیی ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەی لێوە دەکرێت فەرمانی زانکۆیی دەردەکات و وێنەیەک لەگەڵ گشت بەرایییەکان ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بە دواداچوون دەکات لە ماوەی یەک هەفتەدا بە مەبەستی ووردبینی کردن.

م- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە گواستنەوەیان بۆ دەکرێت دەبێت بە پێی پلانی وەرگرتن و لە ڕێگای ناوەندی وەرگرتنەوە وەرگیرابن ، لە مامەڵەی گواستنەوەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێت و داواکاری گواستنەوە پێشکەش دەکرێت لە سەرەتای هەفتەی دووەمی مانگی تەمموز تا کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلول بە مەرجێ دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی گواستنەوەیان لە هەفتەی دووەمی مانگی تشرینی یەکەم تێپەڕنەکات.

ن- لە بەر ئەوەی هەموو مامەڵەکانی گواستنەوە لە نێوان زانکۆکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم ، پێویستی بە ڕەزامەندی هەر دوو لایەنی پەیوەندیدار دەبێت ، بۆیە دەبێ ڕەچاوی تایبەتمەندی بەشی زانستی کۆلێژ و فاکەڵتی و سکوڵی ئەو زانکۆیە بکرێت ئەگەر لە ڕوانگەی زانستییەوە لاری نەبوونیان نیشان نەدا لە سەر مامەڵەی گواستنەوە و دەرفەتی کواستنەوەیان نەدا بە پێی دەسەلاتی خۆیان.

س- نابێ ڕێژەی ڕۆیشتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکی زانستی لە (٢٠%) تێپەڕێت ، ڕێژەی وەرگرتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکدا نابێ لە (١٠%) تێپەڕێت و لە کاتی داوای زیاتر مامەڵەکانیان کۆ دەکرێنەوە و لە یەک پرۆسەدا بە پێی پێشبڕکێ کۆنمرەی دەرچووان لەو قۆنەغەدا ڕێژەکەیان لێ وەردەگیرێ.

## برگەی یەکەم/ خاڵی سێ یەم:

## گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم (سنووردار دەبێت ، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ، جگە لە قۆناغی یەکەم کە گواستنەوەی تێدا ناکرێت) بەم شێوەی خوارەوە:

أ- مامەڵەی گواستنەوەیان بۆ دەکرێت بە هەمان مەرجی گواستنەوەی قوتابیان/خوێندکاران لە نێوان زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ، وەکو لە خاڵەکانی برگەی (دووەم) دا هاتووە ، بۆ هەمان قۆناغ و بەشی هاوتا لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم و هاوسەنگی وانەکانیان بۆ دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

ب- ڕەچاوی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بکرێت بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە وانە پسپۆرییەکانی (المفاضلة) بە پێی پلانی وەرگرتنی ساڵەکانی وەرگرتنیان.

ج- شایستە بوونی خودی بڕوانامەکانیان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ، لە کاتی شایستە نەبوونی دا بۆ ئەو بەشە ، وەکو (دواناوەندی پیشەیی و قوتابخانە ئاینیە نارەسمییەکان و هاوشێوەیان) گواستنەوەیان بۆ ناکرێت.

د- گواستنەوە لە نێوان کۆلێژ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافی پێشووی عیراقی (الوقف السنی) و (الوقف الشیعی) ئێستاکە بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ناکرێت ، چونکە ئەوانە تایبەتمەندی بە پیشەیی بە وەزارەت و فەرمانگەکانیان هەیە.

هـ- دەبێت خانەوادەی قوتابی دانیشتووی هەرێم بێت و بۆ ئەمەش پشتگیری پارێزگای شارەکان و پشتگیری شوێنی کارو نیشتەجێ بوونی باوک یان دایکی هەبێت.

و- گواستنەوە بە پێی توانا و ڕەزامەندی بەش و کۆلێژەکان دەبێت ، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجام دەدرێت بە پێی ڕێژەی دیاری کراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

ز- مامەڵەی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار دەست پێ دەکات لە (ماوەی گواستنەوە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم و عیراقی فیدڕاڵ) لەو کۆلێژ/ پەیمانگەیەی کە قوتابی/ خوێندکار داوای گواستنەوەی لێ دەکات مامەڵەکە دەست پێ دەکرێت ، بە هاوپێچ کردنی سەربردەی خوێندکار (سیرة الطالب الدراسیة) لەگەڵ لیستی ئەو وانانەی کە خوێندویەتی لەگەڵ یەکەکان لە ساڵانە و وەرزیەکاندا : (المواد الدراسیة والوحدات فی السنوات والفصول الدراسیة) وە لەوێشەوە ڕاستەوخۆ بە نووسراوی فەرمی دەنێردرێتە ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوەی بۆ دەکات لە هەرێمدا ، لە لایەن زانکۆیەکە لە هەرێمدا دەنێردرێتە کۆلێژ / پەیمانگەی داواکراو لە حاڵەتی لاری نەبووندا هاوتاو مەقاسەکردنی وانەکانی لە بەشی زانستی داواکراو بۆ دەکرێ      بە شێوەیەک (ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە دوو

وانەی ساڵانە یان چوار وانەی وەرزی بوو دەبێ قۆناغێک دابەزێندرێت) ، دوای ئەوە دەنێردرێتەوە تۆماری زانکۆ و کاری پێویست ڕاستەوخۆ بێ گەرانەوە بۆ وەزارەت وەڵامی خودی ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوەی لێ کردووە دەدەنەوە و وێنەیەکیش دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی هەرێم.

ح- هەموو گواستنەوە یان میوانداریەکی بە کۆمەڵ و نیمچە کۆمەڵ لە شێوازی (قوتابیانی/ خوێندکارانی یەزیدی و شەبەک ...هتد) لە لایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ زانکۆکان ، میکانیزمی جێ بەجێ کردنی بۆ دادەنرێ.

ط- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێمن و لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی ناوەند و باشوور وەرگیراون یا وەردەگیرێن ، مافی گواستنەوە و میوانداریان نییە بۆ زانکۆکانی هەرێم ، بە پێی ڕێنمایی و بەڵێن نامەکانیان ، بێجگە لە وانەی بە فەرمانی وەزاری ژمارە (ن/١٦٧) لە ٢٠١١/٣/٥ ڕەزامەندیان بۆ دراوە.

ی- قوتابی/ خوێندکار دەرچووی دوانزەی ئامادەیی دەرەوەی هەرێم مافی پێشکەش کردنیان نیە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم بە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن و دەرچوانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە لایەن لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت بە پێی شایستەبوونی نمرەکانیان سەیری داواکارییەکانیان دەکرێت.

## برگەی یەکەم/ خاڵی چوارەم:

## گواستنەوەی خوێندنی قوتابییانی/ خوێندکارانی دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم:

أ- قوتابی/ خوێندکاری قۆناغی یەکەم ئەگەر دوانزەیی ئامادەیی لە ناو هەرێم یان لە ئامادەییەکانی دەرەوەی هەرێم یان لە ئامادەییەکانی عیراقی فیدراڵ تەواو کردبێت و لە یەکێک لە کۆلێژەکانی دەرەوەی وڵات وەرگیرا بێت ئەوا بە پێی کۆنمرەی پاراڵیل لە هەرێمدا لە ساڵی داواکردن دادەنرێت بە تەواوی کرێی خوێندنی سیستەمی پاراڵێل.

ب- قوتابی/ خوێندکاری قۆناغەکانی تر واتە لایەنی کەم ساڵێکی ئەکادیمی تەواو کردبێت ، ئەگەر دوانزەیی ئامادەیی لە ناو هەرێم یان لە ئامادەییەکانی عیراقی فیدراڵ تەواو کرد بێت و لە یەکێک لە کۆلێژەکانی دەرەوەی وڵات وەرگیرابێت بە مەرجی زانکۆ / کۆلێژی حکومی یان تایبەت بن و لە زانکۆ بڕوا پێ کراوەکان بن و لە لیستی یونسکۆ و ببیلۆگرافیای یەکێتی زانکۆکانی جیهان تۆمار کرابن ، ئەوا لە هەمان پسپۆری و بەش و کۆلێژ وەردەگیرێتەوە لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم بە پێی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پاراڵێل) ، بە مەرجێک کۆنمرەکەی بەو سیستەمە وەرگیرابێت و بە پێی بەرابەری و مەقاسەکردنی وانەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ زانکۆکان مەقاسە دەکرێت و قۆناغەکەی بۆ دیاری دەکرێت ، ئەگەر کۆنمرەکەی وەرنەگیرا بوو لەم بەشە وەرناگیرێت ، بەڵکو بە پێی کۆنمرەکەی لە ساڵی دەرچوونیدا ڕەچاوی وەرگرتنی بۆ دەکرێت.

ج- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار لە قوتابخانەیەکی بڕوا پێ کراو دوانزەیی ئامادەیی لە دەرەوەی وڵات تەواو کردبێت و لە هیچ کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک وەرنەگیرا بێت یان لە قۆناغی یەکەمدا بێت ئەوا:-

١ - بڕوانامەکەی یەکسان دەکرێت لە وەزارەتی پەروەردە.

٢- لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دوای هەڵسەنگاندنی بابەتەکەی بە پێی کۆنمرەکەی شوێنی بۆ دیاری دەکرێت.

د- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار دوانزەی ئامادەیی لە دەرەوەی وولات تەواوکرد بێت و لە یەکێ لە زانکۆ / پەیمانگەکانی بڕوا پێ کراو و تۆمار کراو لە لیستی یونسکۆ و یەکێتی زانکۆکانی جیهان لە قۆناغەکانی تر بێت (جگە لە قۆناغی یەکەم) ئەوا لە هەمان پسپۆری بەش و کۆلێژ و زانکۆ یان پەیمانگە وەردەگیرێت کە بۆی شیاوە جگە لە کۆمەڵەی پزیشکی کە دەبێت کۆنمرەی **(٨٠%)** کەمتر نەبێت ، بۆ کۆلێژەکانی پەرستاری و زانستە تەندروستییەکان **(٧٥%)** کەمتر نەبێت ، لە لایەن لیژنەی زانستی بەشەوە هاوسەنگی بۆ دەکرێت و قۆناغی خوێندنەکەی بۆ دیاری دەکرێت ، کە بە شێوەیەک ئەگەر زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە یان زیاتر لە چوار وانەی وەرزی داواکراو بوو ئەوا قۆناغێک دادەبەزێنرێت ، بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی بەرابەرکردن و سەربار (المقاصة والتحميل) کە بە نووسراومان ژمارە ٢٢٦٠٤/٥ لە ٢٠٠٨/١٢/٢ گشتاندن کراوە. **(گواستنەوەی ئەم قوتابیانە بەسیستەمی پارالێل دەبێت)**.

## برگەی یەکەم/ خاڵی پێنجەم:

## گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێم بۆ زانکۆکانی باشوور و ناوەڕاستی عیراق:

ا- هەر قوتابی/ خوێندکارێک ئەگەر داوای گواستنەوە بکات لە زانکۆکانی هەرێم (کۆلێژ و پەیمانگەکان) بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق بە پێی فۆرمی ژمارە (٥) دەبێ ڕەزامەندی هەر دوو زانکۆ وەربگیرێت و مامەڵەی گواستنەوە لە زانکۆکانی هەرێم دەست پێدەکات ، دوای ڕەزامەندی هەر دوو لا بە بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت فەرمانی زانکۆیی بۆ دەردەچێت ، ئینجا وێنەیەک (لەگەڵ بەراییەکان) دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون / بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن.

ب- کار ئاسانی دەکرێت لە ڕوانگەی ڕێنماییەکان بۆ گەڕانەوەی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکانی ناوەند و باشوور بە گواستنەوە هاتوون بۆ شوێنەکانی خۆیان.

## برگەی یەکەم/ خاڵی شەشەم:

## گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکارانی هەرێم بۆ دەرەوەی وولات:

أ- گواستنەوەکە بۆ بەش و کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوە دەبێت.

ب- دەبێت لاری نەبوونی فەرمی بەش و کۆلێژ و پەیمانگەی خۆی هەبێت.

ج- ڕەزامەندی فەرمی زانکۆ / کۆلێژ و پەیمانگەی داواکراوی هەبێت.

د- ڕەزامەندی زانکۆی خۆی هەبێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە زانستی و کارگێری و داراییەکان ، دوای ئەوە مامەڵەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ پەسەندکردن و دواتر دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی.

## برگەی یەکەم/ خاڵی حەوتەم:

## گواستنەوە بە شێوەی سیستەمی هاوتەریب (پاراڵێل) بۆ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە شێوەی گشتی وەرگیراون:

أ- گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکاری وەرگیراو لە قۆناغی یەکەمدا بەدەر لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە لە نێوان بەشەکانی کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوەدا لە زانکۆ حکومییەکاندا بە پێی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پاراڵێل) دەبێت و تەواوی پارەی دیاری کراو لە ڕێنماییەکانی پاراڵێل دەدات.

ب- دەرفەتی گواستنەوە لە سەرووی قۆناغی یەکەم لە کۆلێژ و بەشی پەیمانگەی هاوشێوەدا بەدەر لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە بە شێوازی پاراڵێل و بە نیوەی پارەی دیاریکراوی لە ڕێنماییەکانی پاراڵێلدا.

## برگەی دووەم / دابەزین:

## برگەی دووەم / خاڵی یەکەم :

## دابەزینی ئاسایی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران:

ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە وەردەگیرێن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم مافی دابەزینیان دەبێت بەم

شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئەگەر کەمترین کۆنمرەی بەشی قوتابی/ خوێندکار بەرزتر بوو لە کەمترین کۆنمرەی ئەو بەشەی کە داوای دابەزینی بۆ دەکات لە ساڵی وەرگرتن.

ب- لە قۆناغی یەکەم دا ساڵی یەکەمی بێت و مامەڵەی پاڵاوتنی تەواو کردبێت بە پێی فۆرمی ژمارە (٤) و بە پێی کەمترین کۆنمرەی بەش.

ج- لە قۆناغی یەکەمدا مابێتەوە یان خوێندنی تیا دواخستبێت ، بە مەرجێ لە یەک ساڵ زیاتر نەمابێتەوە بە پێی فۆرمی ژمارە (٣) ، دەتوانرێ بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان یان نزیک لەو دابەزین بکەن بۆ کۆلێژ و پەیمانگە کە نمرەکانیان تیادا وەرگیرا بێت بە پێی کۆنمرەی ساڵی وەرگرتنیان لەگەڵ َ هەژمارکردنی ساڵی کەوتن یان دواخستنی لە میچی خوێندن.

د- دەرچوو بێت لە قۆناغی یەکەم بۆ قۆناغی دووەم ، بە مەرجێ ساڵی کەوتن و دواخستنی نەبێت لە قۆناغی یەکەم و دووەم بە پێی فۆرمی ژمارە (٣) ، کۆنمرەی وەرگیرا بێت لە ساڵی وەرگرتنیدا لەگەڵ هەژمار کردنی ئەو ساڵە لە میچی خوێندن.

هـ- له خوێندنی ئێواران قوتابی/ خوێندكار مافی دابەزینی هەیە بۆ بەشێكی تری ئێواران یان هەر بەشێكی تر بە ڕەچاوكردنی كۆنمرەی وەرگیراو لە ساڵی وەرگرتنی و سەرەڕای خاڵەكانی تری ڕێنماییەكانی دابەزین بە مەرجێک دوو ساڵ بە سەر دەرچوونی لە ئامادەیی تێپەر نەبوو بێت.

و- دابەزین بۆ ئەو بەشانە ناكرێت كە مەرجی چاوپێكەوتن و تاقیكردنەوەی جەستەیی و هونەری و شایستەییان تێدا مەرجی وەرگرتن بووە ، وەكو (پەروەردەی وەرزشی ، هونەرە جوانەكان ، خوێندنی ئیسلامی...هتد) وە بە پێی ساڵی وەرگرتنیان.

ز- نابێ ڕێژەی ڕۆیشتنی دابەزین لە هەر بەشێكی زانستی لە (٢٠%) تێپەڕێت ، ڕێژەی وەرگرتنی دابەزێندراوەكان لە هەر بەشێكدا نابێ لە (١٠%) تێپەڕێت و لە كاتی داوای زیاتر مامەڵەكانیان كۆ دەكرێنەوە و لە یەک پرۆسەدا بە پێی پێشبڕكێی كۆنمرەی دەرچوونیان ڕێژەكەیان لێ وەردەگیرێ.

ح- داواكاری دابەزین پێشكەش دەكرێت بۆ ئەوانەی لە ساڵی پێشتر وەرگیراون لە سەرەتای هەفتەی دووەمی مانگی تەمموز تا كۆتایی هەفتەی یەكەمی مانگی ئەیلول بە مەرجێ دەرچوونی فەرمانی زانكۆیی لە كۆتایی هەفتەی دووەمی مانگی تشرینی یەكەم تێپەڕ نەكات.

## برگەی دووەم / خاڵی دووەم :

## دابەزینی خوێندنی قوتابیان/ خوێندكاران

لەكاتی دابەزیندا بۆ بەشەكانی سیستەمە جیاوازەكان نمرەی وەرگیراو لەو بەشانە بە پێی سیستەمی وەرگرتن ڕەچاو دەكرێت.

## برگەی دووەم / خاڵی سێ یەم :

## دابەزینی خوێندنی قوتابیان/ خوێندكاران بە شێوەی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پاراڵێل):

أ- ئەو قوتابی/ خوێندكارانەی كە دوو ساڵ یان زیاتر بە سەر وەرگرتنیان تێپەر بوو بێت و لە قۆناغی یەكەم یان دووەمدا بن بۆیان هەیە داوای دابەزین بكەن بە لە (٥٠%) ی پارەی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پاراڵێل) یان لێ وەردەگیرێت بۆ هەر ساڵێكی خوێندن ، بە مەرجێک كۆنمرەی قوتابی/ خوێندكار لە ساڵی وەرگرتنی لەو بەشە وەرگیرا بێت و ڕەچاو كردنی ساڵانی خوێندن لە میچی خوێندن **(جگە لەپەیمانگە)** واتە لە كاتی دابەزین لە كۆلێژەوە بۆ پەیمانگە میچی خوێندن هەژمار ناكرێت.

ب- ئەو قوتابیانەی كە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ كراوە ( ئەوانەی دوو ساڵ بە سەر وەرگرتنیان تێپەریوە یان سڕینەوەی ناویان بۆ كراوە مافی دابەزینیان دەبێت بە شێوەی سیستەمی پاراڵێل ، بە پێی ڕێنماییەكانی دابەزین و شایستەی وەرگرتنیان بە شێوازی پاراڵێل).

## میکانیزمی گواستنەوە و دابەزین:

بۆ ئاسانکاری و کەمکردنەوەی رۆتینی میکانیزمی گواستنەوەو دابەزین بە پێی فۆرمی ژمارە (٢) (فۆرمی گواستنەوە) ، ژمارە (٣) (فۆرمی دابەزین بۆ قوتابی/ خوێندکاری پێشتری وەرگیراو) ، ژمارە (٤) (فۆرمی دابەزین بۆ قوتابی/ خوێندکاری تازە وەرگیراوە) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

أ- گواستنەوەو دابەزین تەنها لە رێگەی فۆرمی ژمارە (٢) و (٣) و (٤) دەبێت (واتا پێویست بە نووسراو ناکات).

ب- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە داوای گواستنەوە و دابەزین دەکات فۆرم وەردەگرێت لە تۆماری ئەو کۆلێژە یان فاکەڵتی یان پەیمانگەی کە تێیدا دەخوێنێت و لە سەر هەمان فۆرم ڕەزامەندی بەش و کۆلێژ و فاکەڵتی پەیمانگە دەنووسرێت و دواتر ڕەزامەندی تۆماری گشتی زانکۆ وەردەگیرێت و دواتر قوتابی فۆرمەکە دەبات بۆ ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوە یان دابەزینی بۆ دەکات و بە هەمان شێوە ڕەزامەندی بەش و کۆلێژ و تۆماری گشتی زانکۆ / پەیمانگە وەردەگرێت لە سەر هەمان فۆرم دواتر قوتابی فۆرمەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی گواستنەوە یان دابەزینی لێوە دەکات.

ج- دواتر فەرمانی زانکۆیی گواستنەوەو دابەزین دەردەچێت لەو زانکۆیەی کە قوتابی/ خوێندکار گواستنەوە یان دابەزینی لێوە دەکات ، پێویستە وێنەیەک لە فۆرمەکەو گشت بەراییەکان هاوپێچی ئەو وێنەیە بکرێت بۆ ئەو زانکۆیەی کە بۆی دەڕوات و دواتر ئەو زانکۆیەی کە بۆی دەڕوات فەرمانی زانکۆیی گواستنەوە یان دابەزین دەرئەکات و وێنەیەک لە فەرمانی زانکۆیی دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون / بەرێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن.

د- سەبارەت بە گواستنەوە پێویستە لەگەڵ فۆرمەکە گشت دۆکۆمێنتەکان هاوپێچ بکرێت وەک ناوی وانەکان و یەکەکان کە قوتابی خوێندویەتی لەو زانکۆیەی کە تێیدا داوای گواستنەوە دەکات و ئەو دۆکۆمێنتانە کە پەیوەستن بە مەرجی گواستنەوە.

هـ- پێویستە گشت کۆلێژەکان و بەشەکان هیچ مامەڵەیەکی گواستنەوە و دابەزین بە پێی فۆرمی ژمارە (٤،٣،٢) ئەنجام نەدەن تاکو لە رێگای تۆماری گشتی زانکۆکان بە تێبینی ئەنووسرێت لە سەر فۆرمەکان  بە مۆر و واژووی تۆماری گشتی.

و- سەبارەت بە گواستنەوە لە خوێندنی نزمتر بۆ خوێندنی بەرزتر (بەپێی بڕگەی یەکەم لە رێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزین/ گواستنەوە) بە پێی فۆرمی ژمارە (١) و گواستنەوە لە زانکۆکانی هەرێم بۆ زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم بە پێی فۆرمی ژمارە (٥) بە هەمان شێوەی جاران دەبێت.

## بڕگەی سێیەم:

## میوانداری کردنی قوتابیان/ خوێندکاران:

أ- بۆ سیستەمی میوانداری رەچاوی رێنماییەکانی میوانداریەتی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت ، کە بە نووسراوی وەزارەتمان ژمارە ٢٦٠١/٥ لە ٢٠٠٨/٢/١١ گشتاندن کراوە و میوانداری بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە زانکۆ و کۆلێژە ئەهلییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ زانکۆ حکومییەکانی هەرێم (ساڵانە دەبێت میوانداری قوتابی نوێ بکرێتەوە).

ب- ئەو قوتابی/ خوێندكارانەی كە لە زانكۆكانی هەرێم میوانداریان بۆ دەكرێت بە نیوەی تێچووی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) دەبێت ، واتە لە (٥٠%) ی پارەكە بە زانكۆی میواندار دەدات جگە لە قوتابیانی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم و كوردانی ناوەڕاست و باشووری عیراق.

## برگەی چوارەم:

## ڕاكێشانی دۆسیە لە زانكۆ و پەیمانگەكانی هەرێمی كوردستان:

أ- ئەگەر قوتابی/ خوێندكار تەنها ساڵێكی خوێندن بە سەر ڕاكێشانی دۆسییەیان تێپەڕیوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەمان بەش كە لێی وەگیراوە و ئەم ساڵە لە میچی خوێندن هەژمار دەكرێت.

ب- ئەگەر زیاتر لە ساڵێكی خوێندن لە سەر ڕاكێشانی دۆسییەكەی تێپەڕ بوو بێت و لە قۆناغی یەكەمدا بێت ئەوە بە تێكرای تێچووی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) دەگەڕێتەوە ، بەڵام ئەگەر لە سەرووی قۆناغی یەكەمدا بێت ئەوە بە نیوەی ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە.

## برگەی پێنجەم:

## گەڕانەوەی ئەوانەی سڕینەوەی ناو (ترقین قید) كراون:

ئەو قوتابی/ خوێندكارانەی كە ناویان لە زانكۆكاندا سڕاوەتەوە واتە (ترقین قید) كراون لە زانكۆ و پەیمانگەكانی حكومی دەگەڕێنەوە بۆ خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە :

ا- پێدانی دەرفەتی گەڕانەوەی گشت ئەو قوتابی/ خوێندكارانەی كە ناویان لە زانكۆ و پەیمانگەكانی حكومی سڕاوەتەوە و تەرقین قید كراون لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ سەر خوێندنی پێشویان لەو قۆناغەی كە لێی تەرقین قەید كراون بە سیستەمی پاڕاڵێلی پەیڕەو كراو لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان بێ ڕەچاو كردنی مەرجی تەمەن. **(قوتابی/ خوێندكار تەنها دوو جار سوود مەند دەبێت لەم خاڵە)**.

ب- ئەو قوتابی/ خوێندكارانەی تەرقین قید كراون كە دەگەڕێنەوە بە سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) ، كرێی خوێندنیان لەو قۆناغەی كە بۆی دەگەڕێننەوە بە پێی وانە داواكراوەكانیان بەم شێوەیەی

خوارەوە دەبێت:

| ژ | ژمارەی وانەی كەوتن لە سیستەمی ساڵانە | ژمارەی وانەی كەوتن لە سیستەمی كۆرسات | ڕێژەی وەرگرتنی كرێی خوێندن |
|---|---|---|---|
| ١- | یەك تا دوو وانە | یەك تا سێ وانە | %٣٠ |
| ٢- | سێ وانە | چوار وانە | %٤٠ |
| ٣- | چوار وانە و زیاتر | پێنج وانە و زیاتر | %٧٥ |

- وە لە قۆناغەكانی تردا لە (١٠٠%) پارەی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) دەبێت.

- وە ئەو برگەیە تێکڕای وەرگیراوان  بە پێی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) لە خوێندنی بەرایی دەگرێتەوە.

ج- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی تەرقین قید کراون لە قۆناغی یەکەم یان دووەمدان ، دوای گەڕانەوە یان داوای دابەزین دەکەن ئەوا بە سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) بە تێچووی (١٠٠%) ی پارەی پارالێل دەبێت بۆ ئەو بەشەی کە داوای دابەزینی بۆ دەکات ، بە مەرجێک کۆنمرەکانیان شایستەی وەرگرتن بێت بە سیستەمی پارالێل.

د- ئەم بڕیارە ئەو قوتابی/ خوێندکارانەش دەگرێتەوە کە بە هۆی میچی خوێندن ناویان سڕاوەتەوە یان  لە مەو دوا میچی خوێندن تەواو دەکەن بە پێی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکان.

هـ- ئەو قوتابیانەی کە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ کراوە ئەوانەی دوو ساڵ و زیاتر بە سەر وەرگرتنیان تێپەڕیوە مافی گەڕانەوە یان پێی دەدرێت بە پێی ڕێنماییەکانی پارالێل دوای گەڕاندنەوە یان بە پێی ڕینماییەکان مافی گواستنەوە یان دەبێت بە شێوەی سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل).

و- ئەوانەی ئەو فەرمانە دەیانگرێتەوە مەقاسە یان بۆ دەکرێت ، ئەگەر زیاتر لە دوو بابەتیش سەربار کران، بۆ قۆناغێکی دواتر ناگەڕینەوە و لە قۆناغی خۆیاندا سەربار دەکرێن.

ز- ئەم بڕیارە قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەید کراو خوێندنی باڵا ناگرێتەوە.

ح- ئەم بڕیارە ئەو قوتابی/ خوێندکارانە ناگرێتەوە کە ناویان سڕاوەتەوە (ترقین قید) کراون بە هۆی گزی کردن (غش) یان سزا درا بن بە پێی یەکێک لە خاڵەکانی ماددەی شەش لە ڕێنماییەکانی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی تایبەت بە ڕێکاری قوتابیان/ خوێندکاران.

ط- ئەو قوتابیانەی کە تەرقین قید کراون و دەگەڕێنەوە بە سیستەمی خوێندنی هاوتەریب (پارالێل) ڕەچاوی میچی خوێندنیان بۆ ناکرێت ، بەڵام بۆ هەر ساڵێکی خوێندنی مانەوەی بە پێی ڕێژە یان ساڵی خوێندنی پارەی خوێندنی پارالێلیان لێ وەردەگیرێت.

**(قوتابی/ خوێندکار دوای گەڕانەوە لەتەرقین قید لەم حاڵەتانەدا دووبارە تەرقین قید دەکرێتەوە):**

**ا- ئەگەر لەهەمان قۆناغ لە ساڵی گەڕانەوەی دەرنەچوو.**

**ب- ئەگەر لە قۆناغەکانی تر دا دوو ساڵ لە سەر یەکتر دەرنەچوو.**

ی- قوتابی/ خوێندکار کە بە سیستەمی پارالێل یاخود ئێواران وەرگیراوە لە کاتی گەڕانەوە بۆ سەر خوێندنەکەی دوای تەرقین قید کردنی ڕێژەی (٢٥%) ی کرێی خوێندنیان بۆ زیاد دەکرێت.

## برگەی شەشەم:

## پەڕینەوە (عبور):

تایبەت بە وانەی پەڕینەوە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٩-٢٠٢٠ ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- وانەی پەڕینەوە یەک وانەی ساڵانە و دوو وانەی وەرزی دەبێت.

ب- دوو وانەی وەرزی ئەگەر هەر دوو وانەکە لە یەک وەرز بن و یان هەر وانەیەک لە وەرزێک بێت پەڕینەوە دەیگرێتەوە.

ج- قوتابی/ خوێندکار بۆی هەیە تەنها یەک وانە پەڕینەوەی هەبێت تا بچێتە قۆناغی سەرووتر ، ئەگەر پەڕینەوەکەی لە دوو وانە بوو ئەوا لە هەمان قۆناغ دەمینێتەوە تاکو لە یەکێک لە وانەکان دەردەچێت.

## برگەی حەوتەم:

## دواکەوتنی دەرچوونی بڕیار و فەرمانەکان:

بە مەبەستی پاراستنی ئاستی زانستی و بەرجەستە کردنی دەوامی پێویستی قوتابیان/ خوێندکاران ، لە کاتی دەرچوونی هەر فەرمانێک یان بڕیارێکی وەرگرتن یان گواستنەوە دوای تێپەر بوونی زیاتر لە یەک مانگ لە دەست پێ کردنی دەوامی فەرمی هەر قۆناغێک بە پێی ساڵنامەی زانکۆیی دەبێ ئەو ساڵەی خوێندنی دوابخرێت.

## هاوپێچ/

## *فۆرمی گواستنەوەو دابەزین.

# فۆرمی گواستنەوە

| ئەو شوێنەی کە گواستنەوەی خوێندنی لێ دەکرێ | ئەو شوێنەی کە گواستنەوەی خوێندنی بۆ دەکرێ |
| --- | --- |
| ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر | ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر |
| | |
| ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر | ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر |
| | |
| ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر | ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر |
| | |

# فۆرمی دابەزین یان گۆڕینی شوێنی وەرگرتن

| ئەو شوێنەی دابەزین یان گۆڕینی شوێنی خوێندنی لێ دەکرێ | ئەو شوێنەی دابەزین یان گۆڕینی شوێنی خوێندنی بۆ دەکرێ |
| --- | --- |
| ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر | ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر |
| | |
| ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر | ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر |
| | |
| ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر | ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر |
| | |

# فۆرمی دابەزین

| ئەو شوێنەی کە دابەزینی شوێنی خوێندنی لێ دەکرێ | ئەو شوێنەی کە دابەزینی شوێنی خوێندنی بۆ دەکرێ |
|---|---|
| **ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر** | **ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر** |
| | |
| **ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر** | **ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر** |
| | |
| **ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر** | **ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر** |
| | |

## فۆرمی ژمارە (١) تایبەت بە گواستنەوەی (خوێندکاران/ قوتابیان) لە خوێندنی نزمەوە بۆ خوێندنی بەرز لە ساڵی خوێندندا لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم

ناوی سیانی قوتابی/ خوێندکار:...................................................................

| ناوی ئەو قوتابخانەیی کە لێی دەرچووە | پارێزگا | لقی خوێندن لە ئامادەیی | ئەو وانانەی کە لە خولی یەکەم لێی دەرنەچووە | **خول و ساڵی دەرچوون** |
|---|---|---|---|---|
| | | □ زانستی<br>□ وێژەیی<br>□........... | | |

**سەربردەی خوێندنی قوتابی/خوێندکار**

| ژ | ساڵی خوێندن | بەش | قۆناخ | تێکراپی نمرەی/ قوتابی خوێندکار لە قۆناخی یەکەم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | | | | | |
| ٢. | | | | | |
| ٣. | | | | | |

**ئەو شوێنەی کە گواستنەوەی لێ دەکرێ**

| **زانکۆ** | **کۆلێج** | **پەیمانگە** | **بەش** |
|---|---|---|---|
| | | | |

**ئەو شوێنەی کە گواستتنەوەی بۆ دەکرێ**

| **زانکۆ** | **کۆلێج** | **پەیمانگە** | **بەش** |
|---|---|---|---|
| | | | |

ئیمزای خوێندکار/ قوتابی

مۆری کۆلێج/ پەیمانگە و ناو و ئیمزای ل.تۆماری کۆلێج/ پەیمانگە

ڕێکەوتی: / / ٢٠

ناو و ئیمزای وردبینی تۆماری کۆلێج/ پەیمانگە

مۆر و ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ.............

.....................................................

.....................................................

**ڕێکەوت:** / / ٢٠

**تێبینیەکان:**

١. ئەم فۆرمە تەنها بۆ (خوێندکاران)ە دەبێت، کە ڕێنماییەکان دەیانگرێتەوە و، ساڵی یەکەم ڕاستەوخۆ دەرچونە بەبێ کەوتن و دواخستن.
٢. لە خانەی تێبینی زنجیرەی خوێندکار لەسەر قۆناخی یەکەم دەنوسرێت.

# فۆرمی گواستنەوە

| ئەو شوێنەی کە گواستنەوەی خوێندنی لێ دەکرێ | ئەو شوێنەی کە گواستنەوەی خوێندنی بۆ دەکرێ |
|---|---|
| **ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر** | **ڕەزامەندی و تێبینی بەش/ پسپۆڕی بەئیمزا و مۆر** |
| | |
| **ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر** | **ڕەزامەندی ڕاگر و تێبینی تۆماری کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە بەئیمزا و مۆر** |
| | |
| **ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر** | **ڕاپی تۆماری گشتی زانکۆ بە ئیمزا و مۆر** |
| | |

# فۆرمی ژماره (٣) تایبەت بە دابەزینی خوێندن بۆ (خوێندکاران/ قوتابیان)ی پێشتر وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم

ناوی سیانی قوتابی/ خوێندکار:................................................................

| ناوی ئەو قوتابخانەیی کە لێی دەرچووە | پارێزگا، قەزا | لقی خوێندن لە ئامادەیی | خولی دەرچوون | ئەو وانانەی کە لە خولی یەکەم لێی دەرنەچووە | تێکڕایی نمرەی خوێندکار/ قوتابی لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەپێی لیستی وەرگرتن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | □ زانستی<br>□ وێژەیی<br>□.......... | □ یەکەم<br>□ دووەم | | |

| سەربردەی خوێندنی قوتابی/خوێندکار | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ساڵی خوێندن | قۆناخ | ئەنجام | تێبینی |
| ١. | | | | |
| ٢. | | | | |
| ٣. | | | | |
| ٤. | | | | |

| ئەو شوێنەی کە دابەزینی خوێندنی لێ دەکرێ | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زانکۆ | کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە | بەش | کۆی بەش | جۆری وەرگرتن | کەمترین تێکڕایی نمرەی وەرگیراو | |
| | | | | | گشتی | پارێزگا |
| | | | | | | |

| ئەو شوێنەی کە دابەزینی خوێندنی بۆ دەکرێ | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زانکۆ | کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە | بەش | کۆی بەش | جۆری وەرگرتن | کەمترین تێکڕایی نمرەی وەرگیراو | |
| | | | | | گشتی | گشتی |
| | | | | | | |

| تێکڕایی نمرە یان کۆنمرەی خوێندکار/ قوتابی بۆ بەشی داواکراو | |
|---|---|

ئیمزای          ئیمزای خوێندکار/ قوتابی

ڕێکخەری فۆرم          ڕێکەوتی:   /   /   ٢٠

**تێبینیەکان:**

١. ئەم فۆرمە تەنها بۆ (خوێندکار)ی پێشتر وەرگیراو بەم شێوەیە بەکاردەهێندرێت:
   أ. ئەو خوێندکارانەی کە لە قۆناخی یەکەم دواخستنی خوێندنیان بۆ کراوە، یان دەرنەچوونە.
   ب. ئەو خوێندکارانەی قۆناخی دوەم، کە ساڵی یەکەم ڕاستەوخۆ دەرچوونە بۆ قۆناخی دوەم بەبێ کەوتن و دواخستن.
٢. دوای دەرچونی بڕیاری دابەزین لە ناوەندی وەرگرتن و، فەرمانی زانکۆیی خوێندکار/ قوتابی بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە پاشگەز بێتەوە.
٣. نزمترین کۆنمرەی وەرگرتن بریتیە لە کۆنمرەی ئەو خوێندکار/ قوتابیە وەرگیراوەی، کە لە کۆتایی زنجیرەی لیستەکەدا هاتووە.
٤. بەهیچ جۆرێك ئەو خوێندکار/ قوتابیەی بەپێی شوێنی جوگرافی وەردەگیرێت بۆی نیە داوای دابەزین بکات.

## فۆرمی ژماره (٤) تایبەت بە دابەزین و گۆڕینی شوێنی خوێندن بۆ (خوێندکاران/ قوتابیان)ی تازە وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگەکان

ناوی سیانی قوتابی/ خوێندکار:..................................................

| ناوی ئەو قوتابخانەیی کە لێی دەرچووە | پارێزگا، قەزا | لقی خوێندن لە ئامادەیی | خولی دەرچوون | ئەو وانانەی کە لە خولی یەکەم لێی دەرنەچووە | تێکڕایی نمرەی خوێندکار/ قوتابی لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەپێی لیستی وەرگرتن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | □ زانستی<br>□ وێژەیی<br>□.......... | □ یەکەم<br>□ دووەم | | | |
| **ئەو شوێنەی کە دابەزین یان گۆڕینی شوینی خوێندنی لێ دەکرێ** | | | | | | |
| زانکۆ | کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە | بەش | کۆی بەش | جۆری وەرگرتن | کەمترین تێکڕایی نمرەی وەرگیراو | |
| | | | | | گشتی | پارێزگا |
| | | | | | | |
| **ئەو شوێنەی کە دابەزین یان گۆڕینی شوینی خوێندنی بۆ دەکرێ** | | | | | | |
| زانکۆ | کۆلێج/ فاکەڵتی/ پەیمانگە | بەش | کۆی بەش | جۆری وەرگرتن | کەمترین تێکڕایی نمرەی وەرگیراو | |
| | | | | | گشتی | گشتی |
| | | | | | | |

| تێکڕایی نمرە یان کۆنمرەی خوێندکار/ قوتابی بۆ بەشی داواکراو | |
|---|---|

ئیمزای خوێندکار/ قوتابی

ئیمزای

ڕێکخەری فۆرم

ڕێکەوتی: / / ٢٠

**تێبینیەکان:**

١. ئەم فۆرمە تەنها بۆ (خوێندکار)ی پێشتر وەرگیراو بەم شێوەیە بەکاردەهێندرێت:
   ت. ئەو خوێندکارانەی کە لە قۆناخی یەکەم دواخستنی خوێندنیان بۆ کراوە، یان دەرنەچوونە.
   ث. ئەو خوێندکارانەی قۆناخی دوەم، کە ساڵی یەکەم ڕاستەوخۆ دەرچوونە بۆ قۆناخی دوەم بەبێ کەوتن و دواخستن.
٢. دوای دەرچونی بڕیاری دابەزین لە ناوەندی وەرگرتن و، فەرمانی زانکۆیی خوێندکار/ قوتابی بەهیچ شێوەیەك بۆیی نیە پاشگەز بێتەوە.
٣. نزمترین کۆنمرەی وەرگرتن بریتیە لە کۆنمرەی ئەو خوێندکار/ قوتابیە وەرگیراوەی، کە لە کۆتایی زنجیرەی لیستەکەدا هاتووە.
٤. بەهیچ جۆرێك ئەو خوێندکار/ قوتابیەی بەپێی شوێنی جوگرافی وەردەگیرێت بۆی نیە داوای دابەزین بکات.

**استمارة رقم (٥)** للنقل من الجامعات و معاهد الاقليم الى الجامعات و المعاهد العراقية

الاسم الثلاثي للطالب:...............................................................................

الجهة المنقولة منها:

| **الجهة المنقولة منها** | | | |
|---|---|---|---|
| **الجامعة** | **الكلية/ المعهد** | **القسم** | **المرحلة** |
| | | | |
| **الجهة المنقولة اليها** | | | |
| **الجامعة** | **الكلية/ المعهد** | **القسم** | **المرحلة** |
| | | | |

| **السيرة الدراسية للطالب** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ت** | **السنة الدراسية** | **المرحلة** | **النتيجة** | **الملاحظات** |
| .١ | | | | |
| .٢ | | | | |
| .٣ | | | | |
| .٤ | | | | |
| .٥ | | | | |
| .٦ | | | | |
| .٧ | | | | |

توقيع الطالب

ختم الكلية و أسم و توقيع مسجل الكلية/ المعهد

التأريخ: / / ٢٠

أسم و توقيع مدقق موظف التسجيل

ختم و رأى التسجيل العامة للجامعة .............

.............................................................

.............................................................

**التأريخ:** / / ٢٠

**الملاحظات:**

١. بعد صدور الامر الجامعي بالنقل لايجوز التراجع عنه.
٢. يرفع نسخة مصورة من شهادة الاعدادية.